# وەقایعی كوردستان

ڕۆژنامەی ڕەسمی هەرێمی كوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەكات

ژمارە (٢١١) ساڵی حەڤدەم ٣١/ ئایار/٢٠١٧ زاینیی ٢١ / جۆزەردان / ٢٧١٧كوردی ٥ / ڕەمەزان / ١٤٣٨ كۆچی

211

## لەم ژمارەیەدا :

بڕیاری ژمارە (١٠٨) ساڵی ٢٠١٧ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران ل ١
ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی كوردستان ساڵی ٢٠١٧ تا ساڵی ٢٠٢١

پەیڕەوی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی داد ل ١٨
پەیڕەوی ناوخۆی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەكانی داد

ڕێنمایی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی دارایی و ئابووری ل ٢٢

ڕێنمایی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی دارایی و ئابووری ل ٢٣

ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ل ٢٤
ڕێنمایی پێدانی چیمەنتۆ بۆ هاوڵاتیانی پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان

بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی ناوخۆ ل ٢٧
تایبەت بە پێدانی ڤیزەی ئەلیكترۆنی و نشینگە

http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

ناونیشان: هەولێر - چوار ڕیانی فرنسو هەریری پاڵ خانەی وەزارەتی داد.

# وقائع كوردستان


الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢١١) السنة السابعة عشرة ٣١ / أيار / ٢٠١٧ ميلادي ٥/ جوزەردان / ٢٧١٧كوردي ٥/ رمضان / ١٤٣٨هجري

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Publishing by Ministry of Justice


# 211

## في هذا العدد:

فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط


قرار رقم (١٠٨) لسنة ٢٠١٧ رئاسة مجلس الوزراء ص ١

نظام رقم (٦) لسنة ٢٠١٧ وزارة العدل ص ١٨

تعليمات رقم (١٤) لسنة ٢٠١٧ وزارة المالية والاقتصاد ص ٢٢

تعليمات رقم (١٥) لسنة ٢٠١٧ وزارة المالية والاقتصاد ص٢٣

تعليمات رقم (٣) لسنة ٢٠١٧ وزارة التجارة والصناعة ص ٢٤

بيان رقم (٧) لسنة ٢٠١٧ وزارة الداخلية ص ٢٧



No. 211 Date: May , 31 , 2017 Vol.: 17



العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

☎ ٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٨-٢٢٤٥٥

http//: www.moj.gov.krd

dad@moj.gov.krd



مطبعة تارة

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە: ٢١٤٧ لە ٢٠١٧/٥/١٥**

**بڕیاری ژمارە (١٠٨)ی ساڵی ٢٠١٧**
**ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان**
**ساڵی ٢٠١٧ تا ساڵی ٢٠٢١**

پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢هەموارکراو ، و یاسای دەستەی دەسپاکی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ی هەموارکراو ، و دوابەدوای بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٦) لە ٢٠١٦/١٠/٢٦ ، و لەسەر پێشنیاری دەستەی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان بە نووسراویان ژمارە (٣٩) لە ٢٠١٦/٧/٢٠ و ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٦) لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٥/٢ بڕیاردرا بە :

١- پەسەندکردنی بنەماکانی هاتوو لە ( ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠١٧ تا ساڵی ٢٠٢١) ، کە وێنەیەکی هاوپێچی ئەم بڕیارەیە ، وەك ستراتیژییەتێکی نیشتمانی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان پاڵپشت بە پێوەر و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان کە ئامادەکراوە بە دەستپێشخەری دەستەی دەسپاکی لەهەرێمی کوردستان ، و بەهاوبەشی دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی تر لە دەسەڵاتە سەرەکییەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری ، و بەهەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی ، و بە پاڵپشتی ڕێکخراوی (وێستمینستری بەریتانی بۆ دیموکراسی) .

٢- دەستەی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان میکانیزم و پلانی جێبەجێکردن و چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن بۆ ستراتیژی ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە ئامادە دەکات لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانیان هاتوو لە یاسای دەستەی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ی هەموارکراو.

٣- گشت وەزارەت و لایەنە پەیوەندارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونییەوە و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بلاّودەکرێتەوە.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

## ستراتیژی رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان
## ساڵی ٢٠١٧ تا ساڵی ٢٠٢١

### سەرەتا و پاشخان

لە هەرێمی کوردستان پرسی گەندەڵی بەشێوەیەکی فەرمی و نافەرمی باسی لێوە دەکرێ، واتە لەسەر ئاستی مێدیایی، سیاسی و دامودەزگان. لەم چەند ساڵەی دواییدا، باسکردن لە پرس و پڕۆژەی چاکسازی بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی لە ئەجێندای پەرلەمان و حکومەت دابووە. دامەزراندنی دەستەی دەسپاکی لە ساڵی ٢٠١٣ ئاماژەیەکە بۆ بوونی گەندەڵی و هەوڵی رووبەڕووبوونەوەی، چونکە بەپێی ئەو یاسایەی کە دەستەی دەسپاکی لەسەر دامەزراوە (ژمارە ٣ ساڵی ٢٠١١، هەمواری یەکەمی بە یاسای ژمارە ٧ ساڵی ٢٠١٤)، ئامانجی دروستکردنی دەزگاکە بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵییە.

بەپێی راپۆرتەکانی رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی عێراق لە خراپترین ئەو وڵاتانەیە کە گەندەڵی بەشێوەیەکی بەربڵاو تیایە، دیارە هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لە عێراق و کەم تا زۆر ئاماژەکانی ئەو رێکخراوە بۆ هەرێمی کوردستانیش جێی هەڵوەستەیە. بەپێی ئیندێکسی ساڵی ٢٠١٥ی شەفافیەتی نێودەوڵەتی، عێراق پلەبەندی (١٦١)ی هەیە لە کۆی (١٦٧) وڵاتی جیهاندا، واتە تەنیا (٦) وڵات لە عێراق خراپترن، هەروەها بەپێی پلەبەندی ساڵی ٢٠١٦، عێراق لەپلەی (١٦٦) دایە لەکۆی (١٧٦) وڵاتدا، واتە تەنیا (١٠) دەوڵەت لە عێراق خراپترن. بەهەر حاڵ ئەگەر ئەو ئیندێکسە دەقاودەق بۆ هەرێمی کوردستان دروست نەبێ ، بەڵام ئێمە ئەم دەرئەنجامانە بەهەند وەردەگرین. چونکە لە هەرێمی کوردستان، گەندەڵی یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەردەم پێشەکەوتنی دامودەزگاکان و کۆمەڵگا بەشێوەیەکی گشتی. لەلایەکی ترەوە گەندەڵی هۆکارێك بووە بۆ ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی و تێکچوونی شیرازەو بەها کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکان. رووبەرووبوونەوەی ئەو پەتایە پێوستی و ئەرکێکی هەمەلایەنە.

لە هەرێمی کوردستان، لە ساڵی ٢٠٠٦ حکومەتی هەرێمی کوردستان ستراتیژی حکومەتی داڕێشت بۆ حکومڕانی دروست و شەفافیەتك کە مەبەست لێوەی بەشداری پێکردنی گشت لایەنەکان بێت لە پەیڕەوکردنی شەفافیەت و لێپرسینەوە لە کارکردندا. دواتر و لە ساڵی ٢٠٠٨ لێژنەیەکی وەزاری "سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی" دەرکرد، کە دروستکردنی چەند لێژنەیەکی چاکسازی و رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی لێکەوتەوە بۆ رێکخستنی سیستمی دادوەری، کارگێڕی، پڕۆژەکان و راگەیاندن. بۆ یەکەمجار لێژنەی دەسپاکی لە پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٩ پێکهێنرا، لە ساڵی ٢٠١٠ لە ئەنجومەنی وەزیران نوسینگەی حوکمڕانی و دەسپاکی دەست بەکاربوو، ئەرکەکەشی بریتی بوو لە کارکردن بۆ حکومەتێکی چالاك و شەفاف، ساڵێك دوای دروستبوونی ئەم نوسینگەیە دەسپێشخەریەك بەناوی ستراتیژی حوکمڕانی دروست و شەفافیەت دەرچوو. ساڵی ٢٠١١ پەرلەمانی کوردستان یاسای دەستەی گشتی دەسپاکی هەرێمی کوردستانی پەسەند کرد، کە بەپێی ئەو یاسایە دەستەی دەسپاکی دەبێ دابمەزرێ کە بەپێی ماددەی سێهەمی یاساکە ئەرکی سەرەکی ئەو دەستەیە بریتی دەبێت لە جێگیرکردنی میکانیزمێکی کارا بۆ چەسپاندنی پرەنسیپی سەروەری

یاسا، نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی و پشتیوانیکردن لە شەفافیەت. بەڵام دەستەی دەسپاکی ساڵی ٢٠١٣ دامەزرا. بەڵام ئەو چوارچیوە یاسایی و دامودەزگاییەی کە تا ئێستا هەیە بۆ رووبەرووبوونەوەی دیاردەی گەندەڵیی ناکارابوون، ئەمەش بەهۆی ناکۆکی سیاسی، هۆکاری کارگێڕیی، گرفتی یاسایی ونەبوونی هۆشیاریی پێویست هەروەها لە ساڵی ٢٠١٣ وەزارەتی پلاندانان دیدگای ٢٠٢٠ دارشت کە لە قۆناغی یەکەمیدا دیاریکردنی ئەولەویاتەکانی حکومەتی هەرێمە تا ساڵی ٢٠١٧، دواتریش تا ساڵی ٢٠٢٠ چوار بوار دانراون کە لە دیدگاکە کاریان بۆ دەکرێت. هەروەها وەزارەتی پلاندانان راپۆرتێکی تایبەتی بە چاکسازی بە مەبەستی فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانی و پاراستنی کەم دەرامەتەکان بە هاوکاری بانکی نێو دەوڵەتی World Bank.

ناکۆکی سیاسی نێوان حیزبەکان کاریگەری نێگەتیڤی هەبووە بۆ ئیرادەی سیاسی بۆ دژەگەندەڵی. نەبوونی پەیوەندیی و هەماهەنگی لە سەر بنەمای هاوکاری لەنێوان دامودەزگاکانی یاسادانان و چاودێریی، جێبەجێکردن و دادوەریی، هەروەها نەبوونی پەیوەندییەکی لەو شێوەیە لەنێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان بە رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی، زەمینەی خۆشکردووە بۆ پەرەسەندنی گەندەڵی. هەروەها نەبوونی پسپۆڕیی و شارەزایی، راهێنان و کەرەسەی پێویست هۆکاری بەهێز بوون بۆ ناکارایی پرۆسەی رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی.

ئەم ستراتیژە، کە بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان و لەژێر رۆشنایی رێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی (UNCAC)،بە پشتیوانی دامەزراوەی وێستمینیستەر بۆ دیموکراسی (WFD) نووسراوەتەوە، هەوڵێکە بۆ نەهێشتنی ئەو هۆکارو کاریگەرە نێگەتیڤانەی کە باسکرا، هەوڵێکە بۆ دارشتنی روئیایەکی نیشتیمانی بۆ دژەگەندەڵی، کە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان لەژێر چەند ئامانج و بنەمای هاوبەش کۆبکاتەوە و وەك نەخشەرێگایەك بێ بۆ رووبەرووبوونەوەی دیاردە و کولتوری گەندەڵی. لەم ستراتیژە گەندەڵی وەك دیاردەییەکی بنەمایی و دامودەزگایی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، بەڵام لەهەمان کاتیشدا هۆشیاری و توانایی تاکەکان جەختی لەسەر دەکرێتەوە. لەم ستراتیژە میکانیزمەکانی رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی لەسەر چوار ئاستی سەرەکی دارێژراوە" خۆپاراستن یان رێگریکردن لە گەندەڵی، جێبەجێکردنی یاسا، هۆشیاری و راهێنان، هەروەها هەماهەنگی و هاوکاری نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان" هەماهەنگی نێوان دامودەزگاکان و کۆمەڵی مەدەنی.

ماوەی ئەم ستراتیژە پێنج ساڵە، سەرەتای ٢٠١٧ بۆ کۆتایی ٢٠٢١ کاری پێدەکرێت. جگە لە ناوەڕۆکی ستراتیژەکە، دوو پاشکۆی هەیە کە رێکارەکانی جێبەجێکردن و چاودێریکردنی ستراتیژەکە دەستنیشان دەکەن، ئەمانیش بریتین لە پاشکۆی پلانی جێبەجێکردن و پاشکۆی چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن.

## چۆنیەتی دارشتنی ستراتیژیەکە

یەکێك لە ئەرکە سەرەکیەکانی دەستەی دەسپاکی کە لە یاساکە ئاماژەی پێکراوە، بریتی یە لە دارشتنی ستراتیژیەتێکی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان .بۆ ئەم مەبەستە لێژنەیەکی هاوبەش پێکهێندرا بە دەستپێشخەری دەستە و بە ئەندامیەتی دامەزراوەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان هەروەها دامەزراوە پەیوەندیدارەکان، و بە پاڵپشتی (WFD) دامەزراوەی ویستمینستەر بۆ

دیموکراسی، دەستکرا بەنووسینەوە و داڕشتنی ستراتیژیەتی نیشتمانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٧ تاساڵی٢٠٢١.

شێوازی جیاواز پەیڕەوکراوە بۆ داڕشتنی ئەم ستراتیژە، بنەمای سەرەکی ئەوە بووە کە ستراتیژەکە خۆماڵی بێ، واتە لە گرفتە ناوخۆییەکان، گرفتە دامودەزگاییەکانی هەرێمەوە سەرچاوەی گرتبێ، بێگومان ئەمە لەپاڵ سوود وەرگرتن لە ئەزمون وستانداردە نێودەوڵەتییەکان. بنەمایەکی تر ئەوە بووە کە هەموو لایەن و دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی رووبەرووبونەوەی گەندەڵی بە شێوەیەك بەشداربن لە داڕشتنی ستراتیژەکە، بە واتایەکی تر ستراتیژێك کە نیشتیمانی بێ.

پرۆسەی داڕشتنی ئەم ستراتیژە کۆمەڵێ شێواز و قۆناغی جیاواز لەخۆ دەگرێ، بە شێوەیەکی گشتی بەم قۆناغانەدا تێپەڕیوە:

١- سەردان و کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان

سەرەتای پرۆسەکە بە سەردانی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەستی پێکرد بۆ روونکردنەوەی پرۆژەکەو وەرگرتنی رەزامەندییان کە ببن بە بەشێك لە پرۆسەی داڕشتنی ستراتیژەکە، هەروەها دیاریکردنی نوێنەریان بۆ کۆبوونەوەیەکی فراوان. ئەو لایەنانەی کە سەردانیان کراو کۆبونەوەی تایبەتیان لەگەڵ سازکرا بریتی بوون لە پەرلەمانی کوردستان، بەتایبەتیش هەردوو لیژنەی نەزاهەو دارایی، فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی دادوەری، داواکاری گشتی و ئەنجومەنی شورا لە وەزارەتی داد، دەستەی دەسپاکی، دیوانی چاودێری دارایی، وەزارەتی دارایی. دوای سەردانەکان کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەنێوان لایەنەکانی ناوبراو، خاوەن بەرژەوەندی، سازکرا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پێوستی ستراتیژێك بۆ رووبەورووبوونەوەی گەندەڵی، ستراتیژەکە چۆن بێ و چ کێشەو گرفتێك لەخۆ بگرێ. ئەم قۆناغە لە مانگەکانی (٦ و ٧)ی ٢٠١٥ بەڕێوەچوو.

٢- ئامادەکردنی توێژینەوەیەك بۆ هێڵە گشتییەکانی ستراتیژەکە

لە سەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەکە تا سەرەتای ساڵی ٢٠١٧ توێژینەوەیەك لەبارەی هێڵە گشتییەکانی ستراتیژێك بۆ رووبەرووبونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان، ئامادەکرا لەلایەن شارەزایانی بوارەکە. ئەم توێژینەوەیە کە وەك نەخشەرێگایەك بوو بۆ داڕشتنی ستراتیژەکە، جگە لە خوێندنەوەیەکی ورد بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندی بە رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی، هەروەها ئەزمونی نێودەوڵەتی لەو بوارە، توێژینەوەکە پێشنیاری ستراکچەرو مۆدێلێکی دیاریکراوی لەخۆگرتبوو بۆ داڕشتنی ستراتییژی رووبەرووبونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان.

٣- دروستکردنی لیژنەی ئامادەکردنی ستراتیژەکە

لە مانگی ١٠ ی ٢٠١٥ لیژنەیەکی بچوکتر لە لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەرداوای دەستەی دەسپاکی پێکهات بە مەبەستی ئامادەکردنی رەشنووسی ستراتیژەکە، بە نوێنەرایەتی ئەم لایەنانە: دەستەی دەسپاکی، دیوانی

چادێری دارایی، لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان، ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی دادوەری، داواکاری گشتی. مەبەست لە دروستکردنی ئەو لیژنەیە ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری تایبەت بەو دەزگایانە بە شیوەیەکی راستەوخۆ لەڕێی نوێنەرەکانیانەوە. ئەم لیژنەیە لە سەرەتای ٢٠١٦ کۆبوونەوەکانی بەشێوەیەکی بەردەوام دەست پێکرد، ریککەوتن کرا لەسەر چۆنیەتی کارکردن بۆ داڕشتی ستراتیژەکە، ستراکچەری ستراتیژەکە و ماوەی ستراتیژەکە. تا کۆتایی ٢٠١٦ کار لەسەر داڕشتنی ستراتیژەکە قۆناغ بە قۆناغ کراوە، سەرەتا رەشنووسی سەرەتایی لەلایەن شارەزایەکی خۆماڵی، کە سەرپەرشتی پرۆسەی داڕشتنەکەی دەکرد، دەنووسرایەوەو دواتر لە کۆبوونەوەی لیژنە، لەلایەن نوێنەری دەزگاکانەوە، گفتوگۆی لەسەر دەکراو ریککەوتن لەسەر داڕشتنی کۆتایی دەکرا.

٤- دابەشکردنی فۆرمی پرسیار

بەر لە دەستپێکردنی داڕشتنی ستراتیژەکە فۆرمێکی پرسیار ئامادەکرا، کە لە (٢٠) پرسیار پێکهاتبوو، تەوەری پرسیارەکان بریتی بوون لە گرفتە سەرەکییەکانی بەردەم دامودەزگاکان بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی، رێکارە ناوخۆییەکان بۆ رێگرتن و رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی، چوارچێوەی یاسایی، ئاستی هەماهەنگی نێوان دەزگاکان بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی، هەروەها ئاستی هەماهەنگی دەزگاکان لەگەڵ میدیاو کۆمەڵی مەدەنی بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی. فۆرمی پرسیارەکان لەرێی نوێنەرەکانیان نێردرا بۆ دەزگاکانی ئەندام لە لیژنەی ئامادەکردنی ستراتیژەکە: دەستەی دەسپاکی، دیوانی چاودێری دارایی، داواکاری گشتی و ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی دادوەری. پرسیارەکان لەلایەن نوێنەری بەشە جیاجیاکانی ئەو دەزگایانە وەڵام درانەوە. فۆرمەکان بەشێوەیەکی گشتی زانیاری گرنگی خستە بەردەست لیژنەی ئامادەکردنی ستراتیژەکە، زانیاری لەبارەی تەوەرو پرسیارەکانی سەرەوە.

٥- فۆکەس گروپ

شێوازێکی تری کۆکردنەوەی زانیاری و هاوبەشی پێکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە پرۆسەی داڕشتی ستراتیژەکە، بریتی بوو لە سازکردنی کۆمەڵێ فۆکەس گروپ لەو دەزگایانەی کە پەیوەندیدارن بە رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی و ئەندامن لە لیژنەی ئامادەکردنی ستراتیژەکە، بەتایبەتی، دەستەی دەسپاکی، دیوانی چادێری دارایی، داواکاری گشتی و ئەنجومەنی وەزیران بە بەشداری بەشە جیاجیاکانی ئەو دەزگایانە. لەو فۆکەس گروپانە، کە لە مانگەکانی (١٠ و ١١ و ١٢)ی ٢٠١٦ ئەنجام دران، زانیاری پێویست وەدەستهێنرا بەتایبەتی بۆ پلانی جێبەجێکردنی ستراتیژەکە.

٦- پۆلیسی پەیپەر

لە بەرەبەری قۆناغەکانی کۆتایی داڕشتنی رەشنوسی ستراتیژەکە چەند شارەزایەکی خۆماڵی راسپێردران بۆ ئامادەکردنی چەند پۆلیسی پەیپەرێك لە سێ سێکتەری ستراتیژەکە بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی، سێکتەری دامودەزگاکانی جێبەجێکردنی یاسا، سێکتەری هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وکۆمەڵی مەدەنی، هەروەها سێکتەری سیاسی. ئامانج لەو پۆلیسی پەیپەرانە وەدەستهێنانی زانیاری دروست بوو بۆ پاشخانی هەر سێکتەرێك و پێشنیاری چارەسەری بۆ گرفتەکانی هەر سێکتەرێك بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی.

**٧- بەراوردکردنی ڕەشنوسەکە بە ئەزمونی نێودەوڵەتی**

دوای ئامادەکردنی ڕەشنوسی ستراتیژەکە، بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە ڕەشنوسی ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان گونجاوە، وۆرکشۆپێك لەنێوانی ئەندامانی لیژنەی ئامادەکردنی ڕەشنوسەکەو شارەزایانی نێودەوڵەتی لە عەمان مانگی (١)ی ٢٠١٧ ئەنجام درا، لە وۆرکشۆپەکەدا، ڕەشنوسی ستراتیژەکە خوێندنەوەی وردی بۆکراو بەراوردکرا بەئەزمونی نێودەوڵەتی و مۆدێلە سەرکەوتووەکانی جیهان.

**٨- ڕاوێژکردن لەگەڵ کۆمەڵی مەدەنی**

دوای بەراوردکردن و سوودوەرگرتن لە ئەزمونی نێودەوڵەتی پرۆسەیەکی ڕاوێژکاری لەگەڵ کۆمەڵی مەدەنی بەڕێوەچوو لە مانگی (٢)ی ٢٠١٧. لە هەر سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان (٣) وۆرکشۆپ بەبەشداری ئەکتۆر و چالاکانی کۆمەڵی مەدەنی ئەنجام درا، لەو وۆرکشۆپانە دواین سەرنجەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەبارەی ڕەشنوسەکە کۆکرانەوەو سوودیان لێ بینرا.

ئەوەی باسکرا لەسەرەوە قۆناغە سەرەکییەکانی داڕشتنی ئەم ستراتیژەیە، ئەگینا سوود لەزۆر سەرچاوەو شێوازی تر وەرگیراوە، لە پرۆسەیەکی هەمەلایەنەو دیموکراسیانە ستراتیژەکە دەوڵەمەندکراوە و کۆدەنگی لەسەر دروستکراوە.

**پێناسەی گەندەڵی**

لەم ستراتیژە بە شێوەیەکی گشتی گەندەڵی بریتییە لە خراپ بەکارهێنانی شوێن و دەسەڵاتی گشتی بۆ سوودی تایبەتی، هەروەها ئەو ستراتیژە بەشێوەیەکی تایبەتی، دەیەوێ ئەو دیاردانە وەك گەندەڵی بناسێنێ و ڕووبەڕوویان بێتەوە کە لە یاسای دەستەی دەسپاکی ژمارە (٣) ساڵی ٢٠١١ دا و یاسا بەرکارەکانی تری هەرێمی کوردستان و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا، ئاماژەیان پێکراوە.

**ڕوئیا**

ئەم ستراتیژە دەیەوێ لە هەرێمی کوردستان:

کۆمەڵگایەك بنیات بنرێ کە سیستەمێکی چالاکی دژەگەندەڵی تیا بەرقەرار بێ، و بتوانێ بەشێوەیەکی کاریگەرانە ڕووبەرووی هەڕەشەکانی گەندەڵی ببێتەوە.

**ئەرك**

لەم ستراتیژیەدا دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان بەئەرکی خۆی دەزانێت ڕووبەڕووی گەندەڵی ببێتەوە بەهاوکاری لەگەڵ دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و دەسەڵاتەگشتیەکان لەڕێی باشترکردنی چوارچێوەی یاسایی، چالاککردنی ئاستی دامودەزگایی، هەماهەنگی و پەرەپێدانی توانای مرۆیی. هەرێمی کوردستان، بەهەمان شێوە بەردەوام دەبێ لە پەرەپێدانی پەیوەندی و هەماهەنگی لە ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی.

**ئامانجە گشتییەکان**

١- گەشەپێدانی دەسپاکی و لێپرسینەوە و شەفافیەت لە دامودەزگا گشتییەکان و بەرزکردنەوەی متمانەی هاولاَتیان پێیان.

٢- برەودان بە کەلتور و هۆشیاریی رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی لەسەر ئاستی پەروەردەیی و دامودەزگایی (دامەزراوەیی).

٣- کاراکردنی پەیوەندی هاوکاریی نێوان سێکتەرەکان و دامودەزگاکانی ئەم ستراتیژە هەریەك بە پێی پسۆڕی یاسایی خۆی، هەروەها دروستکردنی میکانیزمی هەماهەنگی کارای دەزگا چاودێرییەکان بۆ دۆزینەوە و لێکۆڵینەوە لە گەندەڵی.

٤- زیاتر جێگیرکردنی ستانداردە نێودەوڵەتیەکانی رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی لە چوارچیوەی یاسایی و دامودەزگایی.

٥- هاندانی چاودێریکردنی چالاکانە لە دەرەوەی دامودەزگا فەرمییەکان بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و باشترکردنی پەیوەندی هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵی مەدەنی.

**بنەماکان**

ئەم ستراتیژە لەسەر ئەو پرەنسیپە گشتییانەی خوارەوە بنیاتنراوە، هەموو ئەو چالاکییانەی کە رێکدەخرێن پەیوەست بەو ستراتیژە، پێوسیتە لەژێر رۆشنایی ئەو پرەنسیپانە ئەنجام بدرێن:

- سەروەری یاسا و رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان.

هەموو دامودەزگاکان لەسەریانە کە پابەند بن بە رێکارە یاساییەکان وجێبەجێیان بکەن، هەروەها هەلی یەکسان و ئازادی برەخسێنن بۆ ئەو کەسانەی کە نایاساییان بەرامبەر کراوە یان مافیان پێشێلکراوە داوای جێبەجێکردنی یاسا بکەن.

- ئیرادەی سیاسی بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی

نیشاندانی ئیرادەی رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی لەلایەن بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستان و سەرکردەی حیزبەکان.

- بەرپرسیارێتی دەزگاکان بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژەکەو پلانی کارەکەی
- هەموو دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بەرپرسیارێتی داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاساتی دژەگەندەڵی تایبەت بەخۆیان بگرنە ئەستۆ بەپێی ئەم ستراتیژە.
- حوکمڕانی دروست، لێپرسینەوە، شەفافیەت و دەسپاکی

دامودەزگاکان سیاساتی خۆیان بگونجێنن لەگەڵ باشترین پراکتیکی دژەگەندەڵی، بۆ نمونە دەزگاکان و کارمەندانیان بەرپرسیارێتی بڕیار و کردەوەکانیان بگرنە ئەستۆ، پەیڕەوی لە کرانەوە بکەن، بەتایبەتی خستنەبەردەستی زانیاری و بەشدارییپێکردنی هاولاَتیان لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا، پەیڕەویکردن لە بنەما ئیتیکییەکان بۆ پاراستنی نەزاهەی دەزگاکەو کارمەندانی.

• بێلایەنی سیاسی لە کارکردن

بەهێزکردنی سەربەخۆیی دامودەزگایی بەشێوەیەك کە نەکەوێتە ژێر کاریگەری دەرەکی.

• چالاکی و کارامەیی

دامودەزگاکان لەچوارچێوەی بەرپرسیارێتی و پسپۆڕیی خۆیان پێشکەوتنەکانی خۆیان بپێون لە سەر بنەما و لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو ڕێکارانەی کە جێبەجێ دەکرێن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی ڕێکخراو.

• هاوکاریی نێوان دامودەزگاکان

نیازپاکی لەهەماهەنگی و هاوکاری بکرێتە بنەمای کارکردنی نێوان دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژەو پلانی جێبەجێکردنەکەی لەژێر ڕۆشنایی ئامانج و بنەماو ئەولەویاتەکانی ئەم ستراتیژە.

• بەشداری پێکردنی کۆمەڵی مەدەنی و میدیا.

هاندانی دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان کە هاوکاری و هەماهەنگیان لەگەڵ کۆمەڵی مەدەنی و میدیا پتەو بکەن.

• بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی زاتی

دامودەزگا پەیوەندیدارەکان هەڵسەنگاندنی دەوری بۆ مەترسییەکانی گەندەڵی و سەرهەڵدانی گەندەڵی بکەن، بەمەبەستی باشتر جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژەو پلانی جێبەجێکردنی.

**ئاڕاستەو ئەولەویات**

١- ئاستی نزمی متمانەی هاوڵاتیان بە دامودەزگاکان:

دروستکردنی متمانەی هاوڵاتیان بۆ دامودەزگاکان لەرێی پیادەکردنی شەفافیەت، کەمکردنەوەی رۆتین، بەدەستهێنانی زانیاری، پیشەیی بوون و سەربەخۆیی.

٢- خۆپارێزی و وشیارکردنەوە هاندانی سیاسەتی خۆپاراستن و داڕشتنی میکانیزمی ڕاهێنان"

دامودەزگاکان دەبێ بە قسەو بە کردار نیشانی بدەن کە بەرپرسیارێتی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی دەگرنە ئەستۆ، پلانی گونجاو دابنرێ بۆ خۆپارێزی لە گەندەڵی و هاندانی مۆڕاڵی دەسپاکی پێویستە هەڵمەت وئانجامدانی ڕاهێنانی پێویست بۆ ئەم مەبەستە مۆڕاڵی دەسپاکی پێویستە هەڵمەت و ڕاهێنانی بۆ بکرێ.

٣- بەرزکردنەوەی ئاستی جێبەجێکردنی یاساکان:

لەپاڵ پێویستی ئیرادەی سیاسی بۆ جێبەجێکردنی یاساکان ، دەبێ ڕێکارەکانی چاودێری یاساکان بەهێزبکرێ، هەروەها سەرچاوەکانی مرۆیی و دارایی و ژێرخان بۆ دامودەزگاکان دەستەبەر بکرێ بۆ ئەوەی چالاك و کارا بن.

٤- پێداچوونەوە بە سیاسەتی سزایی بەمەبەستی گونجاندن و کاریگەر کردنیان"

لەو ڕووەوە پێویستە: ١. گرنگی بدرێ بە دامودەزگاکانی وەك پۆلیس و ئاسایش و باج و گومرگ. ٢. گرنگی بدرێ بە دەسەڵاتی دادوەری و داواکاری گشتی لە ڕێی پاراستنی سەربەخۆییان و زیادکردنی ژمارەی دادوەرو دادگاکان لە پێناو کاراکردنیان و یەکلاکردنەوەی کەیسە کەڵەکەبووەکان بۆ ئەوەی نیشان بدرێ کە دەسەڵاتی دادوەری کارایە. ٣. گرنگیدان و بەهێزکردنی توانا مرۆییەکانی دەستەی دەسپاکی لە بواری دژایەتی کردنی

گەندەڵی لە ڕێی وەدەسخستنی زانیاری و بەڵگەنامەکان بۆ کاراکردنی رۆڵی دەستە لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەو دادگایی کردندا. ٤. پێویستە هاوکاری نێوان داواکاری گشتی لەگەڵ ژۆدس و ئاسایش ، دەستەی دەسپاکی بەهێز بکرێت لە لێکۆڵینەوە و کاروبارەکانی ٥. دەبێ نیشان بدرێ کە یاسا گرنگەو بۆ هەمووان وەك یەكە.

٥- هەماهەنگی لە نێوان دەزگاکانی رووبەڕوبونەوەی گەندەڵی

هۆکارێکی سەرەکی کاراکردنی هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە پێناو چەسپاندنی کاریگەری جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە.

٦- پەیوەندی هاوکاریی لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و کۆمەڵی مەدەنی:

ئەم جۆرە پەیوەندییانە گرنگن بۆ باشترکردن و بەهێزکردنی چاودێری بۆ جێبەجێکردنی پێوەرەکانی ستراتیژی دژەگەندەڵی.

٧- بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ:

بۆ ڕێگرتن و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ، کەمکردنەوەی رۆتین و بیرۆکراتیەت، هەروەها شەفافیەتی زیاتر و بە ئەلکترۆنی کردنی دامودەزگاکانی حکومەت.

## ئەولەویات و ئامانجەکان بە پێی سێکتەر:

١- سێکتەری سیاسی

### پاشخان

بکەری سەرەکی سێکتەری سیاسی لە هەرێمی کوردستان پارتە سیاسییەکانن، هەروەها بەرپرسە حیزبییەکان کە بەشێکی زۆریان لەناو دامودەزگاکانی حکومەت و پەرلەمان دان ، لە هەمان کاتیشدا بەشێکی باڵادەستیشیان لەدەرەوەی دامودەزگا فەرمییەکانن و پۆستی حیزبیان هەیە ، بەڵام کاریگەری زۆریان لەسەر دامودەزگاکان هەیە، ئەمە لەکاتێکدا زۆر بەرپرسی باڵای حکومی لەسەر بنەمای کارامەیی و شارەزایی دانانرێت، بەپێی پرەنسیپی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو، ئەمەش دەبێتە هۆی ناکارایی دامودەزگا سیاسییەکان کە بڕیاری گرنگ دەردەکەن.

داهات و سەرچاوەی دارایی بەرپرسانی حیزبی، ئەگەر پۆستی حکومیشیان هەبێ، لەدەرەوەی چاودێری دامودەزگاکانە. ئاشکرانەبوونی سەروەت و سامانی بەرپرسان و ناکارایی دامودەزگا چاودێرییەکان لەبەرامبەر ئەماندا، زەمینەیەکی فراوانی لەبەردەم تەشەنەکردنی گەندەڵی خۆشکردووە، سەروەتی کەڵەکەبووی بەرپرسانی سیاسی لەماوەیەکی کەمدا، گومان و ئاماژەی گەندەڵی لەخۆدەگرێ. بەشیوەیەکی گشتی سەرچاوەی دارایی حیزبەکان بەپێی یاسای پاڵپشتی دارایی حیزبەکان بەیۆەناچێت و سەرچاوەی دارایی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان دیارنیە، لەکاتێکدا پەرلەمان و دەزگا چاودێرییەکانی تر چالاك نەبوون بەرامبەر ئەو ناشەفافیەتانە.

### ئامانجەکانی سێکتەری سیاسی

- بەهێزکردنی ئیرادەی سیاسی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی

- ڕێکخستنەوەی چوارچێوەی یاسایی پاڵپشتی دارایی پارتە سیاسییەکان بە شیوەیك کە بگونجێ لەگەڵ بنەماکانی ئەم ستراتیژە، هەروەها ئاشکراکردنی سەرچاوەی دارایی حیزبەکان و راپۆرتە داراییەکان سەبارەت بە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان.
- پتەوکردنی کاراکردنی میکانیزمی ئاشکراکردن و چاودێریکردنی سامانی بەرپرسان و سەرچاوەی سەروەت و سامانیان.
- کاراکردنی چاودێری پەرلەمانی بۆ سیاسەتەکانی دژەگەندەڵی.
- شەفافیەتی زیاتر لە دیاریکردنی پۆست و پلە کارگێڕییەکانی ناو دامودەزگاکانی هەرێم.

٢- دامودەزگا ناوەندییەکان

**پاشخان**

دامودەزگا ناوەندییەکان، لەبابەتی هەر سێ سەرۆکایەتی" هەرێم، پەرلەمان، حکومەت، هەروەها هەموو وەزارەت و دەستە و فەرمانگەکان ، ناتوانن بەپێی ئەرك و چاوەڕوانییە یاساییەکان کارا بن، یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکان دەستێوەردانی حیزبییە، هۆکارێکی تر بەشێکی زۆری کاربەدەستانی ئەو دامودەزگایانە لەسەر بنەمای شارەزایی و پیشەییانە دانامەزرێن، پێوەرەکانی راژە و توانایی کاریان پێناکرێ، هەروەها ڕێکارەکانی سلوکی وەزیفی پێڕەوەی ناکرێ، بۆیە دامودەزگاکان ناتوانن وەڵامدەرەوەی خواستی هاوڵاتیان بن، ئەمەش بەنۆرەی خۆی جۆرێك لە بێمتمانەیی بەرامبەر دامودەزگاکان دروست کردووە.

گرفتێکی تر کە بۆتە هۆی بەهێزکردنی ئەو بێمتمانەییە، لەبەردەست نەبوونی زانیاری و دۆکیومێنتەکانی دامودەزگاکانە، واتە هاوڵاتیان و مێدیاکان بەئاسانی دەستیان بە زانیاری دەستی یەکەم ناگات، سەرباری بوونی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری. لە هەمان کاتدا ڕێکار و ڕێنماییەکی فەرمی نیە بۆ پاراستی ئەو کەسانەی کە بە نیازی پاکەوە بیانەوێ هەر سەرپێچیەکی یاسایی یان کردەیەکی گوماناوی ئاشکرا بکەن. هەموو ئەمانە رێ خۆشکەرن بۆ سەرهەڵدانی گەندەڵی لە دامودەزگا ناوەندییەکان، لەکاتێکدا سیاسەتێك یان پلانێکی روون نیە لەو دەزگایانە بۆ ڕێگرتن لە گەندەڵی.

ئامانجەکان لەسەر ئاستی دامودەزگا ناوەندییەکان

- ڕێکخستنەوەی ئیدارە بە شێوازێکی پیشەییانە و لەسەر بنەمای پێداویستی، دور لە هەر دەستتێوەردانێکی دەرەکی و حیزبی
- کاراکردنی زیاتری یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری
- زەمینەسازی بۆ ئاشکراکردنی هەر کارێکی نایاسایی لە دامودەزگا گشتییەکان و زامنکردنی پاراستنی ئەو کەسانەی کە زانیارییەکان دەخەنە بەردەست بەپێی ستاندارە جیهانییەکان
- جێبەجێکردنی رێسای ئاکاریی لە دامودەزگا گشتییەکان و بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی خزمخزمێنە، کە لەلایەن دەستەی دەسپاکییەوە دەرکراوە.

- فەراهەمکردنی ئیجرائاتی خۆپارێزی لە گەندەڵی لەسەرجەم دامودەزگا ناوەندییەکان و بەتایبەت لە بوارەکانی تەندروستی ، پەروەردە ، باج و دەرامەت ، ژینگە ، پلاندانان و وەبەرهێنان.
- پەیڕەوکردنی سیستمی یەکپەنجەرەیی و سیستمی ئەلیکترۆنی بۆ رایيکردنی کاروباری هاولاتیان و کەمکردنەوەی رۆتین.

٣- حکومەتە خۆجێییەکان

**پاشخان**

کاروباری رۆژانەی هاولاتیان بەشی هەرەزۆری پەیوەندی بە حکومەتە خۆجێییەکانەوە هەیە لەسەر ئاستی پارێزگا، قەزا و ناحیە ، بەڵام بەڕێوەبردنی کاروبارەکان لەو دەزگایانە بیرۆکراتیەتێکی فراوانی تیایە، بەشێوەیەك کە دەبێتە مایەی بێزارکردنی هاولاتیان و زەمینەیەك بۆ گەندەڵی. هەماهەنگی وەك پێویست نیە لە نێوانی دامودەزگا لۆکالییەکان لەلایەك و ئەو دامودەزگایانە لەگەڵ دامودەزگا ناوەندییەکان لەلایەکی تر بۆ راهی کردنی کاروباری هاولاتیان، نمونەیەکی زۆر زەق تێکەڵاوبوونی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگا و شارەوانییەکان و هەندێ دەزگای ترە. ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەنجومەنی پارێزگا وەك دەزگایەکی چاودێریی پێگەیەکی لاوازی هەیە لەبەرامبەر دامودەزگا لۆکالییەکان و رۆڵی خۆی وەك پێویست ناتوانێ ئەدا بکا. چادێرێی هاولاتیان و کۆمەڵی مەدەنی بەشسیوەیکی گشتی لەسەر ئەو دامودەزگایانە لاوازە، چونکە زەمینەی بەشداری ئەوانە لە کاروبارو پرۆسەی بڕیاری دامودەزگا لۆکالییەکان زۆر سنوردارو نادیارە.

ئامانجەکان لەسەر ئاستی حکومەتە خۆجێییەکان

- پەرەپێدانی دەسپاکی و پسپۆڕیی لە حکومەتە خۆجێییەکان.
- پەرەپێدانی شەفافیەت لە کاروباری حکومەتە خۆجێییەکان و هاندانی بەشدارییکردنی هاولاتیان و کۆمەڵی مەدەنی لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا
- زامنکردنی بەرپرسیارێتی و لێپرسینەوە بۆ جێبەجێکردنی پێوەرەکانی دژەگەندەڵی لە ئاستی خۆجێیی
- بەهێزکردنی پێگەو رۆڵی چاودێریی ئەنجومەنی پارێزگاکان، هەروەها دابەزاندنی دەسەڵاتی زیاتر بۆ دامودەزگا خۆجێیەکان
- پەیڕەوکردنی سیستمی یەکپەنجەرەیی و سیستمی ئەلیکترۆنی بۆ رایيکردنی کاروباری هاولاتیان

٤- دەزگا تایبەتەکانی جێبەجێکردنی یاسا (دادوەری، داواکاری گشتی، دەستەی دەسپاکی ،پۆلیس، ئاسایش)

**پاشخان**

گوتارێکی باو لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە یاسا وەك خۆی جێبەجی ناکرێت، ئەمەش بەهۆی نەبوونی توانایی پێویست، نەبوونی سەربەخۆیی پێویست، هەروەها نەبوونی هەماهەنگی پێویست لەنێوان ئەو دامودەزگایانەی کە راستەوخۆ پەیوەندیدارن بە جێبەجێکردنی یاسا وەك، پۆلیس، ئاسایش، داواکاری گشتی و دادگاکان. ئەم دەزگایانەش پەیوەندیی و رۆڵی راستەوخۆیان هەیە لە رێگرتن لە گەندەڵی، ئاشکراکردنی گەندەڵی و رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی. تا چ ئاستێك ئەو دەزگایانە لەتوانایاندایە رۆڵ و ئەرکی خۆیان بەجێبگەیەنن،

راستەوخۆ کاریگەری دەبێ لە سەر متمانەی خەڵك بەدامودەزگاکان. بۆیە لەپاڵ کارکردن بۆ سەربەخۆیی و بێلایەنی و هەماهەنگی زیاتر، ئەم دەزگایانە پێویستیان بە سەرچاوەی زیاترە بۆ چاککردنی رەوشی کارگێڕیی، توانای دارایی و توانای مرۆیی. بەتایبەتیش پێگەو سەربەخۆیی داواکاری گشتی پێویستە بە پێی یاسا باشتر روون بکرێتەوە و بگونجێندرێ لەگەڵ پرەنسیپەکانی دادوەریی نێودەوڵەتیی.

لایەنێکی تر بۆ بەهێزکردنی متمانەی هاوڵاتیان بەو دەزگایانە، پەیڕەوی کردنی شەفافیەت و سیاسەتەکانی دژەگەندەڵییە لەناو خودی ئەو دەزگایانە، ناکرێ ئەو دەزگایانەی کە ئەرکیان جێبەجێکردنی یاسایە، ناشەفاف بن و پەیڕەوی لە سیاسەتی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی نەکەن لەناو خۆیاندا.

ئامانجەکان بۆ دەزگاکانی دادوەری، داواکاری گشتی، دەستەی دەسپاکی ،پۆلیس، ئاسایش

- بەرزکردنەوەی ئاستی کارایی دامودەزگاکانی دادوەری، داواکاری گشتی، دەستەی دەسپاکی ،پۆلیس، ئاسایش، لە رێگرتن و ئاشکراکردن و رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی.
- باشترکردنی پیشەیی و سەربەخۆیی و بێلایەنی شەفافیەت لە دامودەزگاکانی دادوەری، داواکاری گشتی، دەستەی دەسپاکی ،پۆلیس، ئاسایش)
- بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەناو خودی دەزگاکانی دادوەری، داواکاری گشتی، دەستەی دەسپاکی ،پۆلیس، ئاسایش و چاکسازییەکان (بەندیخانەکان)
- باشترکردن و جێبەجێکردنی میکانیزمی سزایی توند بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی.

**٥- دارایی گشتی**

**پاشخان**

لە هەرێمی کوردستان پلانی ستراتیژی ئابوری و سیاسەتی ئابوری تۆکمە نیە، بە درێژایی مێژووی حوکمڕانی حکومەتی هەرێم تەنیا چەند ساڵێك بودجەی ساڵانە بە شێوەیەکی ئاشکرا هەبووە، سیستمێکی ژمێریاری کۆن پەیرەو دەکرێ و سوود لە تەکنەلۆجیای نوێ وەك پێویست وەرنەگیراوە، سیستمی بانکی زۆر لاوازە، وەرگرتنی باج لەسەر شێوەی خەملاندنە، هەموو ئەمانە بۆتە هۆی ناڕونی لە داهات و خەرجییەکان، هەروەها چاودێرییەکی زۆر لاواز لەسەر موشتەریاتی گشتی.

دیوانی چاودێری دارایی، کە دەستەی دەسپاکی هاوکارێتی ئەو دەزگایەیە کە وردبینی و پێداچوونەوە بە داهات و خەرجییە گشتییەکان دەکات، بەلام پێویستی بە تواناسازی و دەسەلاتی زیاترە. هەروەها هەماهەنگی و هاوکاری دامودەزگاکانی هەرێم لەگەڵ دیوانی چاودیری دارایی، مەرجێکی سەرەکییە بۆ رێگریکردن و رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی لە دامودەزگاکاندا. هەندێ بوار، وەك بواری نەوت، لەدەرەوەی چاودێرییەکانی دیوان ماوەتەوە، بۆ ئەوەی کە دیوان بتوانێ ئەرکی خۆی جیبەجێ بکات، پێویستە چاودێری و پێداچوونەوە بە هەموو داهات و خەرجییەکانی هەرێم بکات. هەماهەنگی زیاتری نێوان دیوان و پەرلەمانی کوردستان دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەردوو دەزگا. ئەرکی وەزارەتی دارایی (حکومەت) ئامادەکردنی بودجەیە، ئەرکی پەرلەمان پەسەندکردنی بودجەیە، ئەرکی دیوانی چاودێری داراییش پێداچوونەوەیە بە ژمێرەی کۆتاییە کە دۆکیومینتێکی

گرنگ دەبێ بۆ دڵنیابوونەوە لەچۆنیەتی خەرجکردنی داهاتی هەرێم، ئەگەر بەشێوەیەکی پیشەییانەو سەربەخۆیانە ئامادەکرابێ. بۆیە بۆ شەفافیەتی زیاتر و ڕێگرتن لە ئەگەری گەندەڵی پێویستە هەموو ئەو دەزگایانە لە هەماهەنگی دابن و ئەرکی خۆیان لە ئامادەکردنی بوجە، پەسەندکردنی بودجە و ژمێرەی کۆتایی بەجێ بگەیەنن.

دیوێکی دیکەی موشتەریاتی گشتی کە پێویستە بەهەند وەربگیردرێ، ئەو سیستمی موشتەریاتەیە کە تا ئێستا لە دامودەزگاکان پەیڕەو دەکرێ، میکانیزمەکانی لێژنەی موشتەریاتی دامودەزگاکان پێویستە بە شێوەیەکی گشتی پێداچوونەوەی بۆ بکرێ، بەشێوەیەك کە لێژنەی موشتەریات لەژێر چاودێرییەکی بەهێزی ناوخۆیی دابن و پێداچوونەوە بە سیستمی پسولە بکرێ بۆ ڕێگریکردن لەهەر ئەگەرێکی گەندەڵی.

**ئامانجەکان بۆ دارایی گشتی**

- شەفافیەت، کارایی و عەقلانیەت لە داهات و خەرجییە گشتییەکان.
- ڕێگرتن لە گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی سامانی گشتی و جێبەجێکردنی هەمان چوارچێوەی یاسایی دژەگەندەڵی بەسەر دارایی گشتی.
- ڕێگرتن و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە موشتەریاتی گشتی و گرێبەستە گشتییەکان.
- هاندان بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ لە سیستمی دارایی و بانکی.
- چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی تایبەت بە گرێبەستە گشتییەکان، کە لە وەزارەتی پلاندانانەوە دەرچووە.
- چاودێریکردنی ڕەفتارپێکردن و بەڕێوەبردنی دارایی هەرێم لە ناوەوەو دەرەوە.

٦- سێکتەری تایبەت و بواری بازرگانی

**پاشخان**

سێکتەری تایبەت لە هەرێمی کوردستان باش ڕێك نەخراوە، سێکتەرێك کە بەپێی ڕێکارەکانی ئێستا لەدەرەوەی بازنەی چاودێری ماوەتەوە و هەماهەنگییەکی ئەوتۆ نیە لەنێوانی سێکتەری تایبەت و سێکتەری گشتیدا. ئەکتۆرە سەرەکییەکانی سێکتەری تایبەت هەمیشە گلەیی لە نەبوونی پاڵپشتی حکومەت دەکەن، لەکاتێکدا سیستمی باج بەشێوەیەکی ناڕێك بەسەریاندا دەسەپێت و سیستمی دڵنییای کۆمەڵایەتی نایانگرێتەوە. بواری بازرگانی لەژێر ناوی "بازاڕی ئازاد" بۆتە مایەی ساغکردنەوەی کاڵای کوالیتی خراپ و قۆرخکاری، لەلایەکی تر دەستی حیزب لەنێو بازاڕدا مانایەکی بۆ پرەنسیپەکانی بازاری ئازاد نەهێشتۆتەوە، بەشێوەیەك کە حیزب یان بەرپرسانی حیزبی، لەڕێی بەکارهێنانی پێگەی حیزبی و لیپرسراوێتیان، بوونەتە ئەکتۆری بازرگانی بێڕکابەر بۆ کۆمپانیاکان و بازرگانان، بەشێوەیەك کە کاریگەری زۆر نێگەتیڤی لەسەر سەرمایەگوزاری تایبەت کردووە. پەیوەندی نێوان حیزب و بازاڕ پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە.

گلەییەکی زۆر لە کۆمپانیاکان هەیە سەبارەت بەوەی کە پرۆژەکان بە کوالیتی خراپ جێبەجی دەکەن و چاودێرییەکی ئەوتۆش بەسەریانەوە نیە بۆ رێگرتن لەگەندەڵی ناو پرۆژەکان، لێرەوە بۆ زامنکردنی کوالیتی باش و رێگرتن لە ئەگەری گەندەڵی پێوست بە پێداچوونەو باشترکردنی رێنماییەکانی بازرگانی و وەبەرهێنان هەیە.

## ئامانجەکان بۆ سێکتەری تایبەت و بواری بازرگانی

- کەمکردنەوەی مەترسییەکانی گەندەڵی لەرێی باشترکردنی رێنماییەکانی تایبەت بەم سێکتەرەوە و بەتایبەتیش رێنمایی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان.
- کاراکردن و زیاترکردنی هەوڵ و کارە هاوبەشەکان بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە نێوانی کەرتی تایبەت، کەرتی گشتی و کۆمەڵی مەدەنی.
- بەهێزکردن و جێبەجێکردنی ئیتیکی کار و بازرگانی.
- بەهێزکردنی چاودێری کەرتی تایبەت لەلایەن دەزگا چاودێریەکانەوە.
- کاراکردنی زیاتری سیستەمی کواڵێتی کۆنترۆڵ و رێکخستنی بە یاسایەکی تایبەت.

٧- کۆمەڵی مەدەنی و مێدیا

### پاشخان

یەکێك لە میکانیزمە بەهێزەکانی چاودێریکردنی گەندەڵی بریتیە لە هەماهەنگی نێوان دەسەڵاتە گشتییەکان لەلایەك و کۆمەڵی مەدەنی و مێدیا لەلاکەی تر. بەهەمان شێوە بۆ جیبەجیکردنی پلان و چالاکییەکانی ستراتیژی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، بەتایبەتیش ئەو چالاکیانەی کە پەیوەندی بە راهێنان و هەڵمەتی هۆشیارییە بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دەتوانن سەرچاوەیەکی باش بن بۆ دەسەڵاتە گشتییەکان بۆ ریگرتن و رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی. لە هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠١٣ دەسەڵاتە گشتییەکان، حکومەت و پەرلەمان رێککەوتنێکی هاوکاریان لەگەڵ رێکخراوە ناحکومییەکان بەست بەناوی "پەیمانی هاوبەشی و گەشەپێدان لەنێوانی دەسەڵاتە گشتییەکان و رێکخراوە ناحکومییەکان" کە بەبڕیاری ژمارە ٥ ی ٢٠١٣ لەپەرلەمان پەسەندکرا، ئەو رێککەوتنە بنەمایەکی گرنگە بۆ هاوکاری نێوان کۆمەڵی مەدەنی و دەسەڵاتە گشتییەکان کە رۆڵی تەواوکاری دەدەن بەیەکتر، کاراکردنی ئەو بڕیارە دەبێتە مایەی بەهێزکردنی هەماهەنگی و هاوکاری هەردوولا و بەرنامەی هاوبەش بۆ بەگژاجوونەوەی گەندەڵی.

بەرەچاوکردنی رۆڵی کاریگەرانەی مێدیا لەبەدواداچوون و ئاشکراکردنی کەیسەکانی گەندەڵی، بوونی رێککەوتنێك یان هاوکارییەکی دوولایەنە لە نێوان مێدیا و دەسەڵاتە گشتییەکان بۆ هاندانی مێدیای ئیستقصائی و تەحقیقی بە پێویست دەزانرێت. هاندانی رۆژنامەنووسان و مێدیاکان بۆ پەیرەویکردن لە ئیتیکی رۆژنامەوانی و یاسای رۆژنامەوانی ئەرکێکی هەمەلایەنەیە، بەهەمان شێوە زەمینەخۆشکردن بۆ باشترکردنی ژینگەی کاری رۆژنامەوانی و مێدیای سەربەخۆ، هەروەها پاراستنی رۆژنامەوانان لە هەڕەشە، پێویستە لە ئەولەویاتەکانی داموەزگا بەرپرسەکان بێ. بەشێوەیەکی گشتی پێویستە هەماهەنگی بەردەوام هەبێ لە نێوانی

دامودەزگاکان و کۆمەڵی مەدەنی و میدیا، زانیار و پێوست بخەنە بەردەستی یەکتر و ژینگەیەکی هاوکاری دروست بکەن بۆ رووبەڕووبوونەوەو ریگرتن لە گەندەڵی.

**ئامانجەکان بۆ کۆمەڵی مەدەنی ومیدیا**

- بەهێزکردنی هاوکاری نێوان دامودەزگا گشتییەکان بە تایبەت دەزگا چاودێرییەکان و کۆمەڵی مەدەنی بۆ چاودێریکردن و جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی دژەگەندەڵی.
- پشتیوانیکردن لە بەشداری کۆمەڵی مەدەنی لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و داڕشتنی سیاسات لە دامودەزگا گشتییەکان دا.
- کاراکردنی بڕیاری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٣ ی پەرلەمان، "پەیمانی هاوبەشی و گەشەپێدان لە نێوانی دەسەڵاتە گشتییەکان و ریکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان".
- پشتیوانی کردن لە رۆژنامەوانی/ میدیای لێکۆڵینەوەیی و بەدواداچوون (تحقيقي و استقصائي)
- بەرزکردنەوەی ئاستی هاوکاری نێوان دامودەزگا گشتییەکان و کۆمەڵی مەدەنی و میدیا بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری لەمەڕ گەندەڵی.
- پاراستنی چالاکان و میدیاکاران لەو هەڕەشانەی کە رووبەروویان دەبێتەوە لەکاتی کارکردنیان بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی.

٨- پەیوەندی و هاوکاریی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی

**پاشخان**

هەرێمی کوردستان بەشیکە لە دەوڵەتی فیدراڵی عێراق، بەڵام سەربەخۆییەکی زۆری هەیە لە پەیوەندی نێودەڵەتی و پەیوەندی هەرێمایەتی. هەندێ رێگری دێتە بەردەم هەرێمی کوردستان بۆ چوونە ناو پەیمانە نێودەوڵەتییەکان بەهۆی ئەوەی کە ئەندام نیە لە نەتەوە یەکگرتووەکان. بەڵام لە هەرییمی کوردستان نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەورووپا و ئاژانسی دیکەی نێودەوڵەتی و رێکخراوی جیهانی بوونیان هەیە و لە پەیوەندییەکی فەرمی دان لەگەڵ دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان. هەرێمی کوردستان دەتوانێ هەماهەنگی لەگەڵ ئەو ئاژانسانە بکات بۆ سوود وەرگرتن لە ستاندارد و پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، لەریی سوود وەرگرتن لەتوانای مەعریفی و لوجیستی ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان بۆ راهێنان و تواناسازی دامودەزگاکانی هەرێم و ئەنجامدانی چاکسازی پێویستی کارگێری.

هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی دوولایەنەی هەیە لەگەڵ وڵاتەکانی ناوچەکە، بۆیە دەتوانێ رۆڵی کاریگەر بگێرێ بۆ رێگریکردن لە قاچاغی ماددەی هۆشبەر، بازرگانی بە مرۆڤ، تیرۆریزم، پارەشۆردنەوە و دیاردەی دیکەی سنووربڕ کە رێخۆشکەرن بۆ تەشەنەکردنی گەندەڵی.

**ئامانجەکان بۆ پەیوەندی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی**

- کاراکردنی هاوکاری نێوان دەزگا پەیوەندیدارە ناوخۆییەکان بە تایبەت دەزگا چاودێرییەکان و دەزگا نێودەوڵەتییەکان و کاراکردنی میکانیزمەکان بۆ هەماهەنگ کردنی چوارچێوەی یاسایی دژەگەندەڵی.

- بەشداری کارا لە کاروچالاکی رێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان، و دەسپێشخەرییەکان لەبواری دژەگەندەڵی.
- هاندانی جیبەجێکردنی رێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەگژاچوونەوەی گەندەڵی، هەروەها دیاریکردنی کاتبەندی و ستراتیژ بۆ جێبەجێکردنی پەیماننامەی کۆمیسیۆنی ئەوروپی بۆ یاسا مەدەنی و جینائییەکانی دژ بە گەندەڵی.
- بەهێزکردنی هاوکاری تەنفیزی لەگەڵ وڵاتانی تر و رێکخراوی تر، بە مەبەستی بەهێزکردنی توانای ناوخۆیی بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و تاوانی سپیکردنەوەی پارە لە جیهان.
- زیاترکردن و باشترکردنی هاوکاری دوولایەنە لەرێی جێبەجێکردنی چالاکی دیاری دژەگەندەڵی.
- پەیکەری جێبەجێکردن
- جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە ئەرکێکی هەمەلایەنەیە، واتە هەموو دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان بەرپرسیارێتی جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژەیان دەکەوێتە ئەستۆ، بەتایبەتی ئەو لایەنانەی کە لە پاشکۆی پلانی جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە ناویان هاتووە و چۆنیەتی بەرپرسیارێتییەکەیان دیاریکراوە (بڕوانە پاشکۆی پلانی جێبەجێکردن).
- دوای مانگێك لە پەسەندکردنی ئەم ستراتیژە، بە دەسپێشخەری دەستەی دەسپاکی لیژنەی هاوبەشی ستراتیژی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی پێکدێت لە لایەنە پەیوەندیدارەکان. ئەم لیژنەیە پانی کاری ستراتیژەکە پەسەند دەکات و کۆبوونەوەی وەرزی ساز دەکات بە مەبەستی جێبەجێکردنی ستراتیژەکە.
- دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان رۆلی هەماهەنگی لە نێوانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەم ستراتیژە دەبینێ و ئەرکی بەدواداچوونی پلانی جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژەی لە ئەستۆیە.

چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی ستراتیژەکە

- رێوشوێنی چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی ئەم ستراتیژە لەرێی راپۆرت نووسین و کۆبوونەوەی نێوان لایەنە بەرپرسیارەکان دەبێ. راپۆرت نووسین بەپێی ئەم پێوەرانەی خوارەوە دەبێ (بڕوانە پاشکۆی پلانی چاودێریکردن و راپۆرت نووسین):

١- ئەو لایەنانەی بەرپرسیارن لە جێبەجێکردنی ستراتیژەکە و پلانی جیبەجیکردنی ستراتیژەکە، ڕاپۆرت بۆ دەستەی دەسپاکی دەنووسن، سێ مانگ جارێك.

٢- دەستەی دەسپاکی راپۆرت بۆ لیژنەی هاوبەشی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی دەنووسێ، شەش مانگ جارێك.

٣- لیژنەی هاوبەش راپۆرت بۆ رای گشتی دەنووسێ، ساڵی جارێك.

- دەستەی دەسپاکی کۆبوونەوەی دووقۆڵی یان هاوبەش لەگەڵ لایەنە بەرپرسیارەکانی جێبەجێکردنی ستراتیژەکە ئەنجام دەدات بەمەبەستی چاودێریکردنی پلانی جێبەجێکردنی ستراتیژەکە.

- لێژنەی هاوبەش لە ناوەڕاستی ماوەی ستراتیژەکە دەتوانێ پێداچوونەوە بۆ پلانی جێبەجێکردنی ستراتیژەکە بکات، بۆ ئەوەی بیگونجێنێ لەگەڵ بارودۆخی باو و گۆڕانکارییەکان، بەمەرجێ زۆرینەی ئەندامانی لێژنەی هاوبەش ڕەزامەند بن.
- لێژنەی هاوبەش، دوو مانگ بەر لە ناوەڕاست و دوو مانگ بەر لە کۆتایی ماوەی ستراتیژەکە کۆدەبێتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و جێبەجێکردنی ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی. لێژنەی هاوبەش هەڵسەنگاندنی کۆتایی دەکات بە بنەما بۆ داڕشتنی ستراتیژی نوێی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی.

**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٤١٢ لە ٢٠١٧/٣/١٥**

**پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٩) برگەی (١) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم پەیڕەوەی خوارەوە:-**

## پەیڕەوی ژمارە ( ٦ )ی ساڵی ٢٠١٧

## پەیڕەوی ناوخۆی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد

**ماددەی ( ١ ):-**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد یەکێکە لە دەزگا سەرەکیەکانی پێکهاتەی وەزارەتی داد بەپێی یاسای ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٠٧ی یاسایی وەزارەتی داد پێك هاتووە کە هەریەکە لە فەرمانگە دادنووسیەکان و بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردن و بەڕێوەبەرایەتی چاودێری ناکامەکان لە خۆ دەگرێت لە سنوری ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ناوچە دابڕاوەکانی دەرەوەی هەرێم.**

**ماددەی ( ٢ ):-**

- **بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە هەڵگری بروانامەی بەکالۆریوس لە یاسا بێت شارەزایی و کارامەیی هەبێت لە ئیش و کارەکانی (فەرمانگەی دادنووسی و بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردن و بەڕێوەبەرایەتی چاودێری ناکامەکان).**
- **بەڕێوەبەری گشتی بەرپرسیارە بەرامبەر بە وەزیر لە ئەنجام دانی کارەکان بەپێی ڕێنمایی و یاسا کارپێکراوەکان لە چاودێری کردنی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئیش و کارەکانی فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتیەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد.**
- **بۆ بەڕێوەبەری گشتی هەیە راوێژ لەگەڵ وەزیر بکات لە هەر پرس و کێشەیەکی گرنگ کە پەیوەست بێت بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی و فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتیەکان هەروەها ساڵانە بەراپۆرتێك کار و چالاکی فەرمکانگەدادنووسیەکان و بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردن و بەڕێوەبەرایەتی چاودێری ناکامەکان وەزیر ئاگادار دەکاتەوە و بەرچاوو ڕوونی دەداتی لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئیش و کارەکان و بەرەوپێش چونیان وە دیاری کردنی کەم و کورتی لە پێداویستی و دارایی و کەل و پەل و میلاکی فەرمانبەر.**

**ماددەی ( ٣ ):-**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەدادییەکان لەم بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبانە و فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتیانە پێك دێت:-**

**یەکەم: دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی لەم بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبانە پێك هاتووە :**

**١- سکرتێری نووسینگەی بەڕێوەبەری گشتی : فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی بکالۆریوس یان دبلۆمی هەبێت .**

٢- بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە یاسا یان دبلۆم لە کارگێری بەڕێوەی دەبات کە شارەزاییەکی باشی لە کارگێڕی هەبێت ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لەم هۆبانە پێك دێت:

أ- هاتوو دەرچوو: فەرمانبەرێك هەڵگری بروانامەی دبلۆم لە کارگێڕی یاخود شارەزایەکی تەواوی لەو بوارە هەبێت سەرپەرشتی دەکات کارەکانی ئەم هۆبەیە بریتیە لە وەرگرتن و دابەش کردنی پۆستەکان و نووسراوەکان و تۆمارکردنیان لە تۆماری هاتوو و دەرچوو وە ئەرشیف کردنیان و چەند فەرمانبەرێك لەو هۆبەیە کاردەکەن .

ب- ئایتی:فەرمانبەرێکی تایبەتمەند سەرپەرشتی ئەو هۆبەیە دەکات کە هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریۆس یا دبلۆم بێت یاخود شارەزاییەکی تەواوی لەو بوارە هەبێت , کارەکانی بریتین لە سەرپەرشتی کردنی وێب سایتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی و وەرگرتن و ناردنی نووسراوەکان بە ئیمەیل و چەند فەرمانبەرێك لەو هۆبەیە کاردەکەن .

ت-کۆگا:فەرمانبەرێکی هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم لە کارگێڕی یا شارەزاییەکی تەواوی لەو بوارە هەبێت سەرپەرشتی دەکات و کارەکانی بریتین لە تۆمارکردن هەر کەل و پەلێك و ئامێرێك و پەراوەکان لە تۆماری تایبەتی و ڕێکخستن و پاراستنیان لە کۆگا.

کارەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە:

١- چاودێری کردنی دەوامی فەرمی فەرمانبەران

٢- چاودێریکردنی چاککردنەوە و پاك و خاوێن ڕاگرتنی دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی .

٣- دابەشکردنی کار بەسەر فەرمانبەرانی خزمەتگوزار و شۆفێران و چاودێری کردنی کارەکانیان.

٤- سەرپەرشتی کردنی پرسگە.

٥- پێك هێنانی لیژنەکانی کرین و چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوە و بەدواداچوون بۆ ئیش و کارەکانیان.

٣- بەڕێوەبەرایەتی خۆیەتی:فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس یان دبلۆم یاخود شارەزاییەکی تەواوی لەو بوارە هەبێت بەڕێوەی دەبات ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لەم هۆبانە پێك دێت :

أ- دۆسیەکان: فەرمانبەرێك سەرپەرشتی دەکات کە هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریۆس یاخود دبلۆم بێت چەند فەرمانبەرێکی دیکەش هاوکاری دەکات.

ب- میلاکات: فەرمانبەرێك سەرپەرشتی دەکات کە هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریۆس یا دبلۆم بێت و چەند فەرمانبەرێکیش هاوکاری دەکەن لەکارەکانی کە بریتیە لە ڕێکخستنی میلاکی سەرجەم فەرمانگە و بەرپوەبەرایەتیەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد و دیارکردنی میلاکی پێویست.

٤- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی : فەرمانبەرێك سەرپەرشتی دەکات کە هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریۆسی بێت لە یاسا و چەند فەرمانبەرێکیش هاوکاری دەکەن لەکارەکان بەم کارانەی خوارەوە هەڵدەستێت:

أ- پێك هێنانی لیژنەکانی زیاد کردن و کەمکردنەوە و کرین و فرۆشتنی مولك و ماڵی دەوڵەت .

ب- پێك هێنانی لیژنەکانی لێکۆلینەوە.

ت- ئامادەبوون لە دادگاکان وەك نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی لایەنە لە داواکان.

پ- ئامادەکردن و ڕێکخستنی گرێ بەستەکان بە هەموو شێوەیەك

ج- بەگوێرەی مادده (٩) لە یاسای هەموارکراوی دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ دەسەڵاتەکانی راستاندنی (توثيق) ی گرێبەستەکان و بەڵێننامەکان و دەستەبەرەکان ی هەیە تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد.

٥- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری : فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرپەرشتی دەکات کە هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریوس یاخود دبلۆم بێت لە ژمێریاری و شارەزاییەکی تەواوی هەبێت لەو بوارە وە چەند فەرمانبەرێك یارمەتی دەدەن بەم کارانە هەڵدەستێت:

أ- ڕێکخستنی تۆمارەکانی ژمێرکاری داهات و خەرجی .

ب- ووردبینی کردنی خشتەی داهات و خەرجییەکانی مانگانە وە هەروەها یەکخستنەوەی خشتە داراییەکان وە ئامادەکردنی بەمەبەستی پێدانی بۆلایەنی پەیوەندیدار.

هەروەها بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری ئەم هۆبەیە لە خۆدەگرێ:

- هۆبەی بوودجە :فەرمانبەرێك سەرپەرشتی دەکات کە هەڵگری بڕوانامەی بکلۆریۆس یاخود دبلۆم یاخود شارەزاییەکی تەواوی لەو بوارە هەبێت کارەکانی بریتیە لە ئامادەکردنی بوودجەی ساڵانەی خەملێنراو.

٦- بەشی پلان دانان: ئەم بەشە بەهەمان شێوەیە بەرپرسیاریەکەی لەلایەن فەرمانبەرێك کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس یاخود دبلۆم بێت وەردەگیرێت کە کارەکانی بریتین لە کردنەوەی خوول بۆ فەرمانبەران و دابین کردنی زەوی بۆ پرۆژەکان و باڵەخانە بۆ ئەو فەرمانگانەی شوێنی کارکردنیان گونجاو و شیاو نیە وە ئامادەکردنی پلانی ساڵانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد و فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتیەکان بۆ باشتر بەڕیوەچوونی ئیش و کارەکان و زیاتر خزمەتکردنی هاووڵاتیان وە ئەم بەشە لەم دوو هۆبەیە پێك دێت:

أ- بەدواداچوون: فەرمانبەرێك سەرپەرشتی دەکات کە هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریۆس یاخود دبلۆم بێت وە کارەکانی ئەم هۆبەیە بریتیە لە بەدواداچوون بۆ ڕاپۆرتەکانی سەرپەرشتیاری دادی و هەر لێژنەیەکی تایبەتمەندی دیکە وە هەروەها بەدواداچوون بۆ ئەو پرۆژانەی کە لە بواری جێبەجێ کردن و تەواو بووندان وە دەست نیشان کردنی هەر کەم و کوریەك کە بەدی بکرێت .

ب- ئامار: فەرمانبەرێك سەرپەرشتی دەکات کە هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریۆس یاخود دبلۆم بێت وە کارەکانی ئەم هۆبەیە بریتیە لە ئامادەکردنی ئاماری مانگانە و وەرزی و ساڵانەی کارەکانی فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتیەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەپێی فۆرمێکی تایبەت کە ئامادەکراوە بۆ ئەو مەبەستە.

٧- بەشی ووردبینی: ئەم بەشە فەرمانبەرێکی تایبەتمەند کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس یا دبلۆم لە ژمێریاری یاخود شارەزاییەکی تەواوی لەو بوارە هەبێت بەرپرسیاریەتی وەردەگرێت کە کاری ووردبینی کردنی ناوخۆییە واتا (تدقیق داخلی) بۆ کارەکانی بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری و لێژنەکانی کرین و هەروەها وەڵام دانەو و بەدواداچوون بۆ راپۆرتەکانی چاودێری دارایی .

**ماددەی( ٤ ):-**

أ- بەڕێوەبەری گشتی بۆی هەیە بەپێی پێویستی هەندێك لە دەسەڵاتەکانی بدات بە بەڕێوەبەرەکانی دیوان , یان دادنوسی یەکەمەکانی فەرمانگە دادنووسیەکان و بەڕێوەبەری جێبەجێ کاریە دادییە یەکەمەکان و بەڕێوەبەری چاودێری ناکامەکان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد.

ب- بەڕێوەبەری گشتی بۆی هەیە بەپێی پێویست ڕێنمایی بەمەبەستی کار ئاسانی لە جێبەجێکردنی یاساکان دەربکات بەگوێرەی یاسا کار پێکراوەکانی یاسای دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵیٚ ١٩٩٨ ی هەموارکراو یاسای جێبەجیٚ کردنی ژمارە (٤٥)ی ساڵی ١٩٨٠ هەموارکراو وە یاسای چاودێری ناکامەکان ژمارە (٧٨)ی ساڵی ١٩٨٠ هەموارکراو.

**ماددە ( ٥ ):-**

١- بەڕێوەبەری بەشەکان لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد بۆیان هەیە ئەرك و ئیشوکارەکان بەسەر کارمەندەکانیان دابەش بکەن .

٢- بەرزکردنەوەی راپۆرتی تایبەت بۆ بەڕێوەبەری گشتی لەکاتی دیاریکراو وپێویست لەسەر لێهاتوویی و تواناى فەرمانبەرەکان لەمەڕ بەڕێوەچوونی کارەکانیان لەگەڵ پێشنیارەکانیان دەربارەی ئەو ڕێوشوێنانەی پێویستە بگیرێتەبەر.

٣- بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی نهێنی ساڵانە بۆ بەڕێوەبەری گشتی لەسەر کارمەندان.

**ماددەی( ٦ ):-**

ئەم پەیڕەوە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی رەسمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجیٚ دەکرێت.

**سـنـان چلبی**
**وەزیـری داد**

**وەزارەتی دارایی و ئـابووری**

**ژمارە: ٩/٤/٦٣٠٧ لە ٢٠١٧/٥/١٨**

**ڕێنمایی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠١٧**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە و دوابە دوای ڕێنماییمان ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٧ ،بڕیارماندا بە دەکردنی ئەم ڕێنماییە:-**

**١- بریاردرا بە ڕاگرتنی کارکردن بە بڕگە(٤)ی ڕێنمایی سەرەوەمان ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٧ کە تایبەتە بەڕاگرتنی دانان و دامەزراندن لە بڕی مووچەخۆر ( نشر و فصل ).**

**٢- ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی (٢٠١٧/٥/١٣)ـەوە کاریٚ پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.**

**ڕابەر صدیق محمد**
**بریکاری وەزارەت بە وەکالەت**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٩/٤/٦٥٦٤ لە ٢٠١٧/٥/٢٣**

## ڕێنمایی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠١٧
## تایبەت بە پلە بەرزکردنەوە

**پاڵپشت بەودەسەڵاتەی پێمان دراوە و ئاماژە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٥٥٥) لە ٢٠١٧/٤/٤ و هەردوو ڕێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٦ و (٨)ی ساڵی ٢٠١٦ بریارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:**

**یەکەم: بە هۆی پەسەندنەکردنی یاسای بووجەی گشتی هەرێم ، پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەرانی راژەی شارستانی راگیراوە ، بۆیە پێویستە هیچ هۆکارێك نەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی پلەی وەزیفی ، چونکە بەرزکردنەوەی پلەی وەزیفی چەندین مەرجی یاسایی و کارگێری تایبەت بە خۆی هەیە.**

**دووەم: هەرپلە بەرزکردنەوەیەك بە پێچەوانەی یاسا یان ڕێنماییەکانی سەرەوە کرابێت لە دوای بەرواری ٢٠١٦/١/١ەوە پێویستە هەڵوەشێنرێتەوە و بۆ وەرگرتنەوەی جیاوازییەکان کار بە ڕێنماییمان ژمارە (٢٥)ی ساڵی ٢٠١٦ دەکرێت .**

**سێیەم: ئەم ڕێنماییە لەبەرواری دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.**

**ڕابەر صدیق محمد**
**بریکاری وەزارەت بە وەکالەت**

**وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی**

**ژمارە: ١٢٩٨ لە ٢٠١٧/٤/١٧**

**پالپشت بە برگە دووەم لە ماددەی (٦)ی یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە (١٠)ی سالی ٢٠١٠ ئەم رینمایەی خوارەوەمان دەرکرد:-**

## رێنمایی ژمارە (٣)ی سالی ٢٠١٧

## رێنمایی پێدانی چیمەنتۆ بۆ هاوولاتیانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

١- هەر هاوولاتیەك بۆی هەیە چەند جارێك سوودمەند بێت لە وەرگرتنی چیمەنتۆ بەمەرجێك مۆلەتێکی بینای تری هەبێت بەمەبەستی دروستکردنی خانوویێکی تازە.

٢- برِی (٢٠٠) کغم چیمەنتۆ هەژمار بکرێت بۆ هەر (١)م٢ ی بینا بۆ هەر یەکە لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك.

٣- برِی چیمەنتۆ:

أ- ئەو هاوولاتیانەی کە جێنشینی ناو شارن (ناو پارێزگاکان) بۆ هەر یەکە لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك برِی چیمەنتۆ لەلایەن لیژنەی پشکنین دیاری دەکرێت.

ب- ئەو هاوولاتیانەی کە جێنشینی شارۆچکەکان (قەزاو ناحیەکان) بۆ پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك برِی چیمەنتۆ لە لایەن لیژنەی پشکنین دیاری دەکرێت.

ج- ئەو هاوولاتیانەی کە جێنشینی گوندەکانن (لادێکان) بۆ پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك برِی چیمەنتۆ دیاری دەکرێت لەلایەن لیژنەی پشکنین دیاری دەکرێت.

٤- دابەش کردنی فۆرمی تۆمارکردن بۆ هاوولاتیانی جێنشینی ناو پارێزگاکان و شارۆچکەکان (قەزاو ناحیەکان) و گوندەکان (لادێکان) لە دەسەلاتی بەرێوەبەرایەتی دابەشکردنی چیمەنتۆی پارێزگاکاندایە بەپێی پشکەکانیان بەمەرجێك کەلکە نەبێت.

٥- هەر هاوولاتیەك پێویستە پابەند بێت بە پێشکەشکردنی ئەم بەلگەنامانەی (المستمسكات)ی خوارەوە بۆ وەرگرتنی چیمەنتۆ

أ- قەوالەی تاپۆی زەویەکە ( سند الطابو ) صورە قید.

ب- ناسنامەی نیشتیمانی کۆپی رەنگاورەنگ یان ناسنامەی باری کەسێتی (هوية الاحوال المدنية)کۆپی , وە رەگەزنامەی عێراقی (الجنسية العراقية) کۆپی رەنگاورەنگ.

ت- مۆلەتی دروستکردنی خانوو (اجازة البناء) یان رێگاپێدانی شارەوانی پەسند کراو (مصدق) بۆ هاولاتیانی جێنشینی ناوشار و شارۆچکەکان ( قەزا و ناحیەکان)

**پ- نەخشەی خانوو پەسەند کرابێت لە شارەوانی بۆ هاولاَتیانی جینشینی ناوشار ، وە نەخشە پەسەندکرابێت لە شارەوانیەکان بۆ هاولاَتیانی جێنشینی شارۆچکەکان (قەزا و ناحیەکان) و گوندەکان.**

**ج- چەسپاندنی سنوری خانووەکە (تثبیت حدود) بۆ هاولاَتیانی جینشینی ناو شارو شارۆچکەکان (پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان)**

**ح- هێنانی پشتگیری (کۆپیەکی پەسەند کراوە لە کارتی پیشینەی خانووبەرە) لە بەرێوەبەرایەتی ناحیەکان یان پشتگیری لە خانووبەرە بۆهاولاَتیانی جینشینی گوندەکان (گوند نشینەکان)**

**٦- لە کاتێك تۆماری قەوالەی تاپۆ بە ناوی دوو هاولاَتی بێت وە دوو خانوو لەسەر زەویەکە دروست کرابێت پێویستە لەسەر ئەم دوو هاوولاَتیە هەریەکە بە جیاواز مامەلەی خۆی پێشکەش بکات وەهەر یەکە دۆسیەکی تایبەتیان هەبێت ، بۆ ئەوەی مافی وەرگرتنی چیمەنتۆی هەبێت ٠**

**٧- کاتێك تۆماری قەوالەی تاپۆ بە ناوی دوو هاوولاَتی بێت یان زیاتر وەیەك خانوو لەسەر پارچە زەویەکە دروست بکەن ، دەبێت یەك مامەلە بێت یەك جار برە چیمەنتۆی پێویست بۆ خانوەکە وەربگرن ، وە هەمان ناوەرۆکی خالی (٣) دەیانگرێتەوە.**

**٨- لە کاتێك تۆماری قەوالەی تاپۆ بە ناوی یەك هاوولاَتی بێت و دوو خانوو یان زیاتری لە سەر پارچە زەویەکە دروست کرد بێت ، پێویستە ئەو خانووانەی کە لەسەر زەویەکە دروستی کردووە گشتیان هەژمار بکرێت بە پشت بەستن بە کۆنووسی لیژنەی پشکنین .**

**٩- هەر خانووەك رووخێنرابێت ، پێویستە وێنەیەکی کۆپیکراو لە رەزامەندی روخاندن (اجازة هدم البناء) لە شارەوانی بهێنێت ، گشت مەرجەکانی خالی (٥) دەیانگرێتەوە بۆ پێدانی چیمەنتۆ ٠**

**١٠- هەر داواکاریەك لە لایەن میراتگران (الورثة) پێشکەش بکرێت پێویستە (قسام شرعي) دابەشنامەی شەرعی یان (بیان وفاة) هاوپێچ بکرێت لەگەلّ داواکاریەکە وە گشت خالی (٥) دەیانگریتەوە بۆ پێدانی چیمەنتۆ .**

**١١- ئاسانکاری بکرێت بۆ زوو راپەراندنی کارەکانی کەشف و دابین کردنی چیمەنتۆ بۆ پێشمەرگە و خانەوادەی شەهیدان بە پلە یەك وە بۆ ئەو هاوولاَتیانەی کە خاوەنی پێداویستی تایبەتن بە مەرجێك قەوالەی تاپۆی زەویەکە لەگەل مۆلەتی خانووەکە بە ناوی خۆیان یان هاوسەریان بێت وە ناسنامەی کەم ئەندامیان هاوپێچ کرابێت و تێیدا ئاشکرا بێت کەئەم هاوولاَتیە (عجز)ی هەیە ،وە هەمان مەرجەکانی خالی (٥) دەیانگرێتەوە بۆ پێدانی چیمەنتۆ.**

**١٢- سەبارەت بە پارێزگای هەولێر ئەو هاوولاَتیانەی کە گەرەکەکانیان کۆنن وە لە شوێنی خۆیان نەماون و گواستراونەتەوە بۆ شوێنی تر ئەوانەی کارتی زەویان هەیە بە مەرجێك کارتی زەویەکە و رێپێدانی شارەوانی بە ناوی هەمان هاوولاَتی بێت چیمەنتۆ بیانگرێتەوە هەروەکو هاوولاتیانی پارێزگای هەولێر کە قەوالەی تاپۆیان هەیە.**

١٣- لەبەر پێداویستی زۆری هاوولاتیان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە خوێندنگەی نوێ لە شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان هەر خێرخوازێك قوتابخانەیەك دروست بکات لەسەر ئەرکی خۆی یان هەر پرۆژەیەکی حکومی یان کەرتی تایبەت ئەوا بەپێی دەرخستەی لیژنەی پشکنینی شوێنی بیناکە چیمەنتۆیان پێ دەدرێت بە نرخی هاندراو (نرخی هاوولاتیان ).

١٤- هەر هاوولاتیەك نۆژەن کردنەوەی خانووەکەی بکات بە پێ ی کۆنووسی لیژنەی پشکنین بۆ پارێزگاکان (١٥) پانزە تەن چیمەنتۆ تێپەر نەکات بۆ قەزاو ناحیەکان (١٠) تەن چیمەنتۆ تێپەر نەکات.

١٥- لەبەر خراپی باری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان ،لیژنەکانی پشکنین بۆیان هەیە ئۆتۆمبێلی هاوولاتیان بە کار بهێنن لە کاتی پشکنینی خانووەکانیان ، بە شێوەیەکی کاتی.

١٦- دابەشکردنی چیمەنتۆ بە رێگای هەلاوێرد (استثناء) لە دەسەلاتی بەرێوەبەری گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی دەبێت.

ئەم رێنماییانە کاری پێ دەکرێت لە رێکەوتی دەرچوونیەوە و لەرۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) بلاّودەکرێتەوە .

**د. علی سندی**
**وەزیری بازرگانی بەوەکالەت**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٨٨٧٥ لە ٢٠١٧/٥/٢٥**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە:-**

## بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٧
## تایبەت بە پێدانی ڤیزەی ئەلیکترۆنی و نشینگە
## پێناسەکان

**ماددەی (١):-**

**مەبەست لەم پێناسانەی خوارەوە ئەو مانایانەی بەرامبەریان دیاری کراوە بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئەم بەیانە:-**

**١- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.**

**٢- وەزارەت: وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان.**

**٣- وەزیر: وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.**

**٤- دەسەڵاتی پێدانی ڤیزە: وەزیری ناوخۆ بەپێی ماددە (١) بڕگە (٧) لە یاسای نشینگەی بیانیان ژمارە (١١٨) ساڵی ١٩٧٨.**

**٥- بەڕێوەبەرایەتی نشینگە: بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی پارێزگاکانی هەرێم.**

**٦- ڤیزەی ئەلیکترۆنی: بەڵگەنامەی ڕێگەپێدانی هاتنە ژوورەوەی هاووڵاتی بیانی بۆ هەرێمی کوردستان لە ڕێگای سیستەمی ئەلیکترۆنی کە بۆ ئەم مەبەستە دانراوە.**

**٧- بیانی: ئەو کەسەی هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی نییە.**

**٨- گواستنەوەی دۆسیە: ناردنی دۆسیەی کەسی بیانی کە کارتی نشینگەی هەیە لە بەڕێوەبەرایەتییەکی نشینگە بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکی تر.**

**٩- گۆڕینی دەستەبەری: گۆڕینی دەستەبەری کەسی بیانی کە کارتی نشینگەی هەیە لە دەستەبەرێك بۆ دەستەبەرێکی تر.**

**١٠- بەیەکگەیاندنی خێزان: گەیاندنی ئەندامانی خێزانی کەسی بیانی بەیەکتر و ئەمەش تەنها دایك و باوك و کوڕ و کچ و هاوسەری کەسی بیانی دەگرێتەوە.**

**١١- لیستی قەدەغە: ئەو لیستەیە کە کەسی بیانی دەخرێتە ناوی بە بڕیاری وەزیر بەهۆی ئەنجامدانی سەرپێچی، یان هەر هۆیەکی تر.**

**١٢- لیستی ڕەش: ئەو لیستەیە کە هەر کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی دەخرێتە ناوی بە بڕیاری وەزیر بەهۆی ئەنجامدانی سەرپێچی.**

١٣- ڤیزەی دەرچوون: ئەو ڤیزەیەی کە لەسەر پاسپۆرتی کەسی بیانی دەدرێت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی نشینگە کاتێك ماوەی نیشینگەی لە هەرێم کۆتایی دێت وئارەزوی گەڕانەوەی هەیە بۆ وڵاتی خۆی.

١٤- کرێکار: هەرکەسێك کارێکی دیاریکراو ئەنجام بدات بەرامبەر برێك پارە و کارەکەی لەژێر سەرپەرشتی خاوەن کار ئەنجام بدات.

١٥- خاوەن کار: هەر کەسێکی سروشتی یان معنوی کە کرێکارێك یان زیاتر بەکار بهێنێت بە مەبەستی ئەنجامدانی کارێك بەرامبەر برێك پارە.

١٦- کەسی مەعنەوی: کۆمەڵێك کەس یان دارایی (اموال) کە مەبەستی ئەنجامدانی ئامانجێکی دیاریکراوە و دانپێدراوی یاسایی هەبێت بەپێی ئەو ئامانجانەی کە هەیەتی.

١٧- کەسی سروشتی: هەر مرۆڤێك کە توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارییەتی و شیاوی یاسایی هەبێت بەپێی یاسا.

١٨- کارتی هەواڵی گەیشتن: ئەو کارتەیە کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی نشینگە ڕێکدەخرێت بۆ کەسی بیانی، کە ڤیزەی پێدراوە بەمەبەستی مانەوەی کە لە ساڵێك کەمتر نەبێت.

١٩- کارتی نشینگە: ئەوکارتەیە کە ماوەکەی لە (٦) مانگ کەمتر نییە و لە (٣) ساڵ زیاتر نییە بە کەسی بیانی دەدرێت ومافی مانەوەی دەبێت لە هەرێم.

٢٠- دیپۆرتکردن: دوورخستنەوەی کەسی بیانی کە بەشێوەیەکی یاسایی هاتۆتە هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوەی عێراق بە هۆی ئەنجامدانی سەرپێچی، یان هەر هۆیەکی تر.

٢١- خاڵی سنووری: گشت خاڵە سنورییە نیودەوڵەتییە فەرمییەکان (زەمینی و ئاسمانی).

٢٢- دەرکردن (سنوورداش): دەرکردنی کەسی بیانی کە بەشێوەیەکی نایاسایی (قاچاغ) هاتۆتە هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوەی سنوورە فەرمییەکان بە فەرمانی بەڕێوبەری نشینگەکان.

## ماوەی پێدانی ڤیزە

**ماددەی (٢):-**

١- پێدانی ڤیزەی هاتنەژوورەوە بۆ ماوەی ( ٣٠، ٦٠، ٩٠، ١٢٠) ڕۆژ بەمەبەستی سەردان یان گەشتیاری،یان پێدانی ڤیزەی بۆ ماوەی (١٨٠، ٣٦٥) ڕۆژ بە مەبەستی مانەوە ، تەنها لە دەسەڵاتی وەزیرە و ناکرێت ئەم دەسەڵاتە دابەزێندرێت.

٢- داواکاری ڤیزەی ئەلیکترۆنی بۆ کەسی بیانی بە هەموو جۆرەکانییەوە، تەنها لەرێگای وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی (evisa.moi.gov.krd) پێشکەش دەکرێت.

٣- هەرگۆڕانکارییەك لە ڕێنماییەکانی ڤیزە یا نشینگە ئەنجام بدرێت لە ڕێگای وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی بڵاودەکرێتەوە و دوای (١٠) ڕۆژ دەچێتە بواری جێبەجێکردن.

٤- ڤیزەی سەردان یان خاڵی سنووری یان گەشتیاری یان خوێندن یان بەیەکگەیاندنی خێزان دەکرێت درێژ بکرێتەوە بۆ کەسی بیانی پاش هاتنە ژوورەوەی بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ تەنها بۆ یەك جار بەرامبەر برێك رسومات کە لە ماددەی (هەژدەیەم)ی ئەم بەیانە دیاری کراوە، بەمەرجێك هۆکاری درێژکردنەوەکە پەسەند بێت، بەداواکارییەك لەلایەن خودی کەسی بیانی یان نوێنەری یاسایی خۆی ، وئەم درێژکردنەوەیە لەدەسەڵاتی بەرێوبەری نشینگەکانە وناکرێت ئەم دەسەڵاتە دابەزێنرێت.

## هەڵە لەزانیاری ڤیزە

**ماددەی ( ٣ ):-**

١- زانیاری ڤیزەی ئەلیکترۆنی پاش دەرچوون و پێدانی ڤیزە هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا ناکرێت و لەکاتی هەبوونی هەر هەڵەیەك ئەو ڤیزەیە بە هەڵوەشاوە ئەژمار دەکرێت، پێویستە ڤیزەیەکی نوێ داوا بکرێت بەپێی داواکارییەك و رسوماتێکی نوێ و جێبەجێکردنی گشت رێککارە یاساییەکان.

٢- ئەگەر هەڵەکە هۆکارەکەی لەلایەن وەزارەتەوە بوو ئەوا ڤیزەی بۆ نوێ دەکرێتەوە بەبێ بەرامبەر.

## جۆرەکانی ڤیزە

**ماددەی ( ٤ ):-**

**یەکەم: ڤیزەی سەردان**

ڤیـزەی سەردان بەم مەرجانەی خوارەوە دەدرێت: -

١- پڕکردنەوەی ئەپلیکەیشنی تایبەت بەداواکاری ڤیزە لە رێگای وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

٢- ڤیزەی سەردان تەنها بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ دەدرێت.

٣- دانی رسوماتی ڤیزە لە رێگای وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی دەبێت.

٤- هەڵگرانی (بەڵگەنامەی گەشت – Travel Document )، لە رێگای نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە دەتوانن داوای ڤیزە بکەن.

٥- (بەڵگەنامەی گەشت – Travel Document ) نشینگەی پێ نادرێت.

٦- ماوەی بەسەرچوونی پاسپۆرتی کەسی بیانی نابێت لە (٦) مانگ کەمتر بێت.

٧- بەڵگەنامەی گەشت مامەڵەی رەگەزنامەی رەسەنی کەسی بیانی لەگەڵ دەکرێت، واتە ئەگەر هاووڵاتیی بیانی رەگەزنامەی رەسەنەکەی پێویست بە وەرگرتنی ڤیزە بکات، ئەوا بەبێ وەرگرتنی ڤیزە رێگەی پێ نادرێت بێتە هەرێمی کوردستان، سەرەڕای دەرچوونی (بەڵگەنامەی گەشت)ەکەی لە وڵاتێك کە پێویستییان بە وەرگرتنی ڤیزای پێشوەخت نەبێت بۆ هاتنە ناوەوەی هەرێمی کوردستان.

٨- ئەگەر کەسی بیانی، لەسەر پاسپۆرت یا (بەڵگەنامەی گەشت)ـە بیانییەکەی ئاماژە بەوە کرا بوو کە شوێنی لە دایکبوونی عێراقە، ئەوا پێویست بە وەرگرتنی ڤیزە ناکات و بێ بەرامبەر رێگەی پێ دەدرێت، و ئەگەر مانەوەشی لە هەرێم لە (٣٠) رۆژ زیاتر بوو، ئەوا هیچ سزایەکی پێبژاردنی دواکەوتنی لێ وەرناگیرێت.

٩- دەبێت مەبەستی سەردان بەڕوونی لەداواکاری ڤیزە دیاری بکرێت.
١٠- دەبێت شوێنی مانەوە و زانیارییەکانی سپۆنسەر بە وردی لە فۆڕمی داواکاری بنووسرێت.
١١- پێویستە گشت فۆڕمەکان بە کۆمپیوتەر پڕبکرێنەوە.
١٢- لە کاتی نەگەڕانەوەی کەسی بیانی بۆ وڵاتی خۆی و ئەنجام نەدانی ڕێککارەکانی پێدانی کارتی نشینگە، ئەو کەسەی کە بەڵێننامەکەی داوە، دەبێت بڕی پارەی ئەو بەڵێننامەیە بدات بە گەنجینەی هەرێم لەبەرامبەر جێبەجێ نەکردنی بەڵێننامەکەی بەپێی یاسا ، سەرەڕای ئەنجامدانی ڕێککارە یاساییەکانی تر کە بەرامبەر بەڵێندەرو ئەو لایەنەی کە داوای ڤیزەی کردووە.

**دووەم: ڤیزەی گەشتیاری**

ڤیـزەی گەشتیاری بەم مەرجانەی خوارەوە دەدرێت : -
١- پڕکردنەوەی ئەپلیکەیشنی تایبەت بەداواکاری ڤیزە لە ڕێگای وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.
٢- ڤیزەی گەشتیاری تەنها بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ دەدرێت و ناکرێت بە نشینگە.
٣- دانی رسوماتی ڤیزە لە ڕێگای وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی دەبێت.
٤- ماوەی بەسەرچوونی پاسپۆرتی کەسی بیانی نابێت لە (٦) مانگ کەمتر بێت.
٥- ئەگەر کەسی بیانی شوێنی لەدایکبوونی عێراق بوو لە پاسپۆرتەکەی ئاماژەی پێ کرابوو، ئەوا پێویست بە وەرگرتنی ڤیزە ناکات و بێ بەرامبەر ڕێگەی پێ دەدرێت.
٦- پڕکردنەوی فۆڕمی ژمارە (٣٣) تایبەت بەزانیاری کەسی بیانی، کە لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی دانراوە.
٧- پێویستە گشت فۆڕمەکان بە کۆمپیوتەر پڕبکرێنەوە.
٨- لە کاتی نەگەڕانەوەی کەسی بیانی بۆ وڵاتی خۆی، ئەو کەسەی کە بەڵێننامەکەی داوە، دەبێت بڕی پارەی ئەو بەڵێننامەیە بدات بە گەنجینەی هەرێم لەبەرامبەر جێبەجێ نەکردنی بەڵێننامەکەی بەپێی یاسا ، سەرەڕای ئەنجامدانی ڕێککارە یاساییەکانی تر کە بەرامبەر بەڵێندەرو ئەو لایەنەی کە داوای ڤیزەی کردووە.

**سێیەم: ڤیزەی خوێندن**

ڤیزەی خوێندن بەم مەرجانەی خوارەوە دەدرێت : -
١- پڕکردنەوەی ئەپلیکەیشنی تایبەت بەداواکاری ڤیزە لە ڕێگای وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.
٢- ڤیزەی خوێندن تەنها بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ دەدرێت، و دەبێت لایەنی داواکار گشت بەڵگەنامە پێویستەکانی پێدانی نشینگە بە قوتابی بیانی لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ جێبەجێ بکات.
٣- دانی رسوماتی ڤیزە لە ڕێگای وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.
٤- ماوەی بەسەرچوونی پاسپۆرتی کەسی بیانی نابێت لە (٦)مانگ کە متر بێت.
٥- ئەگەر کەسی بیانی شوێنی لەدایکبوونی عێراق بوو و لە پاسپۆرتەکەی ئاماژەی پێ کرابوو، ئەوا پێویست بە وەرگرتنی ڤیزە ناکات و بێ بەرامبەر ڕێگەی پێ دەدرێت.

٦- دەبێت شوێنی مانەوە و گشت زانیارییەکان بە وردی لە فۆڕمی داواکاری بنووسرێت.
٧- دەبێت سەرچاوەی دارایی دابینکردنی خەرجییەکانی خوێندن، بە بەڵگەنامەی پێویست دیاری بکات.
٨- هاوپێچ کردنی پشتگیری وەرگرتن لەلایەن ئەو دامەزراوە خوێندنەی کە کەسی بیانی وەك قوتابی لێی وەرگیراوە، کە دەبێت باوەڕپێکراو بێت لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی یان وەزارەتی پەروەردەی هەرێم، وماوەی خوێندن تیایدا لە ساڵێك کەمتر نەبێت.
٩- پێویستە گشت فۆڕمەکان بە کۆمپیوتەر پڕبکرێنەوە.
١٠- پاش تەواو کردنی گشت رێککارەکان و جێبەجێ کردنی گشت رێنماییەکان نشینگە بە قوتابی دەدرێت وساڵانە نوێ دەکرێتەوە تا کۆتایی هاتنی خوێندنەکەی.
١١- پڕ کردنەوەی فۆرمی ژمارە (٣٣) تایبەت بە زانیاری کەسی بیانی کە لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.
١٢- لە کاتی نەگەڕانەوەی کەسی بیانی بۆ وڵاتی خۆی، ئەو کەسەی کە بەڵێننامەکەی داوە، دەبێت بڕی پارەی ئەو بەڵێننامەیە بدات بە گەنجینەی هەرێم لەبەرامبەر جێبەجێ نەکردنی بەڵێننامەکەی بەپێی یاسا ، سەرەڕای ئەنجامدانی رێککارە یاساییەکانی تر کە بەرامبەر بەڵێندەرو ئەو لایەنەی کە داوای ڤیزەی کردووە.

**چوارەم : ڤیزەی بەیەکگەیاندنی خێزان**

ڤیــزەی بەیەکگەیاندنی خێزان بەم مەرجانەی خوارەوە دەدرێت : -
١- پڕکردنەوەی ئەپلیکەیشنی تایبەت بەداواکاری ڤیزە لە رێگای وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.
٢- ڤیزەی بەیەکگەیاندنی خێزان، تەنها بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ دەدرێت، و دەبێت لایەنی داواکار گشت بەڵگەنامە پێویستەکانی پێدانی نشینگە بە خێزانی کەسی بیانی لە ماوەی دیاری کراوی سەرەوە جێبەجێ بکات.
٣- دانی رسوماتی ڤیزە لە رێگای وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی دەبێت.
٤- ماوەی بەسەرچوونی پاسپۆرتی کەسی بیانی نابێت لە (٦)مانگ کەمتر بێت.
٥- ڤیزەی بەیەکگەیاندنی خێزان تەنها بۆ کۆکردنەوەی خێزانی کەسی بیانی وەك بابەتێکی مرۆیی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت وئەگەر کام لەئەندامانی خێزان ئارەزووی کارکردنی هەبێت پێویستە ڕەزامەندی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی وەربگرن بەپێی ڕێنماییەکانی تایبەت بەکارکردن و ئاگادارکردنەوەی بەرێوەبەری نشینگەی تایبەتمەند.
٦- پڕکردنەوەی فۆڕمی ژمارە (١٧) تایبەت بە زانیاری ئەندامانی خێزان کە لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی دانراوە.
٧- رسوماتی گۆڕینی ڤیزەی (٣٠) رۆژی بۆ نشینگە وەرناگیرێت، بەڵام رسوماتی دەرکردنی کارتی نشینگە و رسوماتەکانی تر وەردەگیرێت.

٨- ڤیزەی بە یەکگەیاندنی خێزان تەنها هاوسەر وکوڕ وکچ و دایك وباوکی کەسی بیانی دەگرێتەوە کە داوای بەیەکگەیاندنی خێزانەکەی دەکات.

٩- ئەگەر هاوولاتییەکی عێراقی داواکاری بەیەکگەیاندنی خێزانی بکات کە هەڵگری رەگەزنامەی بیانی بێت، ئەوانەی برگەی (٨)ی سەرەوە دەیانگرێتەوە ئەوا نشینگە دەدرێت بەگشت ئەندامانی خێزانەکەی بێ بەرامبەر و لە گشت رسوماتی دەرکردنی کارتی نشینگە دەبەخشرێن، بەمەرجێك دانیشتووی هەرێم بێت وکارتی زانیاری ئەوپارێزگایەی هەبێت کە داوای بەیەکگەیاندنی خێزانەکەی لێ دەکات.

١٠- پێویستە گشت فۆرمەکان بە کۆمپیوتەر پڕبکرێنەوە.

١١- هاوپێچ کردنی ئەم بەڵگەنامانەی کە لە خوارەوە هاتوون لەکاتی پڕکردنەوەی ئەپلیکەیشنی داواکاری ڤیزە:-

أ- گرێبەستی هاوسەرگیری یان هەر بەڵگەنامەیەکی تر کە پەیوەندی خێزانی خاڵی (٨) ماددەی چوارەمی برگەی چوارەمی ئەم بەیانە بسەلمێنێت و وەرگێڕدرا بێت بۆ سەر زمانی کوردی لە لایەن وەرگێڕێکی یاسایی سوێندراو لە دادگاکانی هەرێم.

ب- کۆپی رەنگاورەنگی پاسپۆرتی هاوسەر و ئەندامانی خێزان بۆ هەر داواکارییەك بە جیا هاوپێچ دەکرێت.

ج- بەڵگەنامەی موڵکایەتی خانووبەرە یان گرێبەستی بەکرێگرتنی یەکەیەکی نیشتەجێبوون لە سەر ناوی خۆی لەو پارێزگایەی هەرێم کە کاری لێ دەکات.

د- کارتی نشینگەکەی لە بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی ئەو پارێزگایە دەرچووبێت، کە یەکەی نیشتەجێبوونی لێ هەیە.

هـ- پشتگیری مووچە لەو شوێنەی کاری لێ دەکات.

و- پشتگیری تۆمارکردنی لە بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی.

ز- وێنەی تۆمار (صورە قید)ی تایبەت بە هاوسەری عێراقی ئەوەی داوای ڤیزە بۆ هاوسەرە بیانییەکەی دەکات بەمەبەستی دڵنیابوون لەوەی خێزاندار نییە ، و ئەگەر خێزاندار بوو ڤیزە بە هاوسەرە بیانییەکەی نادرێت.

١٢- لەکاتی نەگەڕانەوەی کەسی بیانی ئەو کەسەی کە بەڵێننامەکەی داوە ، دەبێت بڕی پارەی ئەو بەڵێننامەیە بدات بە گەنجینەی هەرێم لە بەرامبەر جێبەجێ نەکردنی بەڵێننامەکەی بەپێی یاسا، سەرەڕای ئەنجامدانی رێککارە یاساییەکانی تر کە بەرامبەر بەڵێندەر و ئەو لایەنەی کە داوای ڤیزەی کردووە.

١٣- ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی خێزان بە ڤیزەی عێراقی هاتبێتە هەرێمی کوردستان و داوای بەیەکگەیاندنی خێزان بکات، ئەوا نشینگەی پێ دەدرێت دوای جێبەجێکردنی گشت مەرجەکانی بەیەکگەیاندنی خێزان و رێنماییەکانی نشینگە.

١٤- پێدانی نشینگە بەپێی ڤیزەی بەیەکگەیاندنی خێزان لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری نشینگەکانە پاش جێبەجێ کردنی گشت مەرجەکان وپێشکەشکردنی ئەو بەڵگەنامانەی کە لەم بڕگەیەدا دیاری کراون.

**پێنجەم:** ڤیزەی خاڵی سنووری :-

ڤیــزەی خاڵی سنووری بەم مەرجانەی خوارەوە دەدرێت : -

١- هاووڵاتییانی ئەم وڵاتانەی خوارەوە دەتوانن لە خاڵی سنووری ڤیزەی هاتنە ژوورەوە وەربگرن:-

(وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەریتانیا، ئوستراليا، نیوزلەندا، ژاپۆن، کۆریای باشوور، کەنەدا، ئیمارات، کوێت، قەتەر، تورکیا، ئێران، لاتڤیا، لیتوانیا، لۆکسەمبۆرگ، ماڵتا، هولەندا، نەرویج، پولەندا، پورتوگال، رۆمانیا، سلۆڤاکیا، سلۆڤینیا، ئیسپانیا، سوێد، سویسرا، نەمسا، بەلجیکا، بەرازیل، بولگاريا، کرواتیا، قوبرسی یۆنانی، چیك ، دانیمارك، ئیستۆنیا، فینلەندا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، یۆنان، هەنگاریا، ئیرلەندا، ئایسلاندە، ئیتاڵیا).

٢- ڤیزە تەنها بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ دەدرێت.

٣- ماوەی بەسەرچوونی پاسپۆرتی کەسی بیانی نابێت لە (٦) مانگ کەمتر بێت.

٤- ئەگەر کەسی بیانی شوێنی لەدایکبوونی عێراق بوو و لە پاسپۆرتەکەی ئاماژەی پێکرا بوو، ئەوا پێویست بە وەرگرتنی ڤیزە ناکات و بێ بەرامبەر رێگەی پێ دەدرێت.

**شەشەم:** ڤیزەی رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان :-

١- ڤیزەی کارمەندانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەم مەرجانەی خوارەوە دەدرێت:

أ- پڕکردنەوەی ئەپلیکەیشنی تایبەت بەداواکاری ڤیزە لە ڕێگای وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

ب- پڕکردنەوەی فۆڕمی ژمارە (١٨) تایبەتە بە زانیاری کەسی بیانی کە لە لایەن رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان داوا دەکرێن کە لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی دانراوە.

ج- ڤیزەی تایبەت بە رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بێ بەرامبەر دەدرێت.

٢- هەڵگری پاسپۆرتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەبێ ڤیزە رێگایان پێ دەدرێت بێنە هەرێمی کوردستان.

٣- پێویستە گشت فۆڕمەکان بە کۆمپیوتەر پڕبکرێنەوە.

٤- ئەگەر رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای نشینگە بکات بۆ ئەو کارمەندانەی کە بە ڤیزەی هەرێم هاتوون یان ڤیزەی عێراق تەنها بۆ کاری رێکخراوەکەیان، ئەوا نشینگەیان پێ دەدرێت، بەبێ وەرگرتنی رسوماتی گۆڕینی ڤیزە دوای جێبەجێکردنی گشت مەرجەکانی پێدانی نشینگە.

**حەفتەم:** ڤیزەی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ( INTERNATIONAL NGO )

ڤیزەی کارمەندانی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەم مەرجانەی خوارەوە دەدرێت:

١- پڕکردنەوەی ئەپلیکەیشنی تایبەت بەداواکاری ڤیزە لە ڕێگای وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

٢- ماوەی بەسەرچوونی پاسپۆرتی کەسی بیانی نابێت لە (٦)مانگ کەمتر بێت.

٣- ماوەی ڕێگەپێدان لە (٣٠) تا (٣٦٥) رۆژ دەدرێت.

٤- هاوپێچ کردنی مۆڵەتی تۆمارکردنی ڕێکخراوەکە لە هەرێم.

٥- دانی رسوماتی ڤیزە لە ڕێگای وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی دەبێت.

٦- پڕکردنەوەی فۆڕمی ژمارە (١٩) تایبەت بە زانیاری کەسی داواکاری ڤیزەی بۆ دەکرێت کە لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی دانراوە.

٧- پێویستە گشت فۆڕمەکان بە کۆمپیوتەر پڕبکرێنەوە.

٨- ئەگەر ڕێکخراو داوای نشینگە بکات بۆ ئەو کارمەندانەی کە بەڤیزەی هەرێم هاتوون تەنها بۆ کاری ڕێکخراوەکەیان، ئەوا نشینگەیان پێ دەدرێت پاش دانی رسوماتی گۆڕینی ڤیزە و دوای جێبەجێکردنی گشت مەرجەکانی پێدانی نشینگە و دانی گشت پێبژاردنەکان و رسوماتی کارتی نشینگە.

٩- بەدەر لە خاڵی (٨)ی سەرەوە ، ئەگەر ڕێکخراوی نێودەوڵەتی داوای نشینگە بکات بۆ ئەو کارمەندانەی کە بەڤیزەی هەرێم هاتوون تەنها بۆ کاری ڕێکخراوەکەیان و بارەگای سەرەکی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکە لە وڵاتانی (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەریتانیا، ئوسترالیا، نیوزلەندا،ژاپۆن، کۆریای باشوور، کەنەدا، ئیمارات، کوێت، قەتەر، تورکیا ، لاتڤیا، لیتوانیا، لۆکسەمبۆرگ ، مالْتا ، هۆڵەندا، نەرویج، پوڵەندا، پورتوگال، رۆمانیا، سلۆڤاکیا، سلۆڤینیا، ئیسپانیا، سوێد، سویسرا، نەمسا، بەلجیکا، بەرازیل، بولگاریا، کرواتیا، قوبرس، چیك، دانیمارك، ئیستۆنیا، فینلەندا، فرەنسا، ئەڵمانیا، یۆنان، هەنگاریا، ئیرلەندا، ئایسلاند، ئیتاڵیا) تۆمار کرا بوو ئەوا نشینگەیان پێ دەدرێت بەبێ دانی رسوماتی گۆڕینی ڤیزە و رسوماتی کارتی نشینگە و دوای جێبەجێکردنی گشت مەرجەکانی پێدانی نشینگە بەڵام پێویستە گشت پێبژاردنەکان بدات.

١٠- پێویستە پێش کۆتایی هاتنی ماوەی ڕێگەپێدان کەسی بیانی بگەڕێتەوە یان کاری یاسایی وەرگرتنی نشینگەی بۆ ئەنجام بدرێت بەپێی ڕێنماییەکان، بە پێچەوانەوە ڕێکخراوی داواکار ڕووبەڕووی گرفتی یاسایی دەبێتەوە.

**هەشتەم: ڤیزەی ڕێکخراوە لۆکاڵییەکان ( LOCAL NGO )**

ڤیزەی کارمەندانی ڕێکخراوە لۆکاڵییەکان بەم مەرجانەی خوارەوە دەدرێت:

١- پڕکردنەوەی ئەپلیکەیشنی تایبەت بەداواکاری ڤیزە لە ڕێگای وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

٢- ماوەی بەسەرچوونی پاسپۆرتی کەسی بیانی نابێت لە (٦)مانگ کەمتر بێت.

٣- ڕێگەپێدان بۆماوەی (٣٠) رۆژ دەدرێت.

٤- مۆڵەتی دامەزراندنی تایبەت بە ڕێکخراوەکە هاوپێچ بکرێت.

٥- دانی رسوماتی ڤیزە لە ڕێگای وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی دەبێت.

٦- پڕکردنەوەی فۆڕمی ژمارە (١٩) تایبەت بە زانیاری کەسی داواکاری ڤیزەی بۆ دەکرێت کە لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی دانراوە.

٧- پێویستە گشت فۆڕمەکان بە کۆمپیوتەر پڕبکرێنەوە.

٨- ئەگەر رێکخراو داوای نشینگە بکات بۆ ئەو کارمەندانەی کە بەڤیزەی هەرێم هاتوون تەنها بۆ کاری رێکخراوەکەیان، ئەوا نشینگەیان پیێ دەدرێت پاش دانی رسوماتی گۆڕینی ڤیزە و دوای جێبەجێکردنی گشت مەرجەکانی پێدانی نشینگە ودانی گشت پێبژاردنەکان و رسوماتی کارتی نشینگە.

٩- لەکاتی نەگەڕانەوەی کەسی بیانی ئەو کەسەی کە بەڵێننامەکەی داوە، دەبێت بڕی پارەی ئەو بەڵێننامەیە بدات بە گەنجینەی هەرێم لە بەرامبەر جێبەجێ نەکردنی بەڵێننامەکەی بدات بەپێی یاسا، سەرەڕای ئەنجامدانی رێککارە یاساییەکانی تر کە بەرامبەر بەڵێندەر و ئەو رێکخراوەی کە داوای ڤیزەی کردووە.

## ڤیزەی کارکردن

**ماددەی ( ٥ ):-**

**یەکەم: ڤیزەی کارکردن دەدرێت بەم مەرجانەی خوارەوە:**

١- کەسی بیانی مۆڵەتی کارکردن وەربگرێت لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەپێی رێنماییەکانیان.

٢- داواکاری ڤیزەی کارکردن لە رێگای سیستەمی ئەلیکترۆنی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕەوانەی وەزارەتی ناوخۆ دەکرێت و پاش وردبینی کردنی ڤیزەی کارکردنی پیێ دەدرێت.

٣- جێبەجێ کردنی سەرجەم رێنماییەکانی ڤیزە و نشینگە.

**دووەم: کارمەندانی کەرتی نەوت ڤیزەی مانەوەیان پیێ دەدرێت بەم مەرجانەی خوارەوە:**

١- فۆڕمی داواکاری کۆمپانیا لە ڕێگای سیستەمی ئەلیکترۆنی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پێشکەش دەکرێت.

٢- دەبێت کەسی بیانی داواکراو خاوەن بڕوانامە یا تەکنیکار یاخود شارەزا بێت لە بواری نەوت.

٣- پێویستە لایەنی داواکار گشت رێنماییەکانی ڤیزە و نشینگە جێبەجێ بکات.

## گۆڕینی ڤیزەی سەردان بۆ نشینگە

**ماددەی ( ٦ ):-**

**یەکەم: ڤیزەی سەردان بۆ نشینگە دەگۆڕدرێت، بەم مەرجانەی خوارەوە:**

١- پێشکەشکردنی داواکارییەك بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی نشینگە لە لایەن پارێزەری خاوەنی بریکارنامە لە خودی کەسی بیانی یان نوێنەری کۆمپانیای بەدواداچوونی کاروباری نشینگە، یان نوێنەری کۆمپانیا، یاخود نوێنەری رێکخراوەکان بەهەموو جۆرەکانیانیەوە.

٢- هاوپێچ کردنی کۆپی رەنگاورەنگی پاسپۆرت.

٣- أ- پێشکەشکردنی گرێبەستێکی کارکردن لە نێوان خاوەن کار و کرێکاری بیانی، ومەرج نییە ئەو گرێبەستە پەسەندکراو بێت.

ب- ئەگەر کەسی بیانی خاوەنی کۆمپانیا یاخود پشکدار بێت پێویست بە پێشکەشکردنی گرێبەستی کارکردن ناکات، تەنها پێویستە خاوەندارێتی یان پشکدارییەکەی لە کۆمپانیاکە بسەلمێنێت.

٤- دەستەبەرکردنی کەسی بیانی لە لایەن کەسێکی عێراقی نیشتەجێ هەرێمی کوردستان بێت و کارتی زانیاری هەرێم هەبێت.

٥- پڕکردنەوەی فۆڕمی بەڵێننامەی کەسی ژمارە (٣٦) یان فۆرمی بەڵێننامەی کۆمپانیا ژمارە (٣٩) کە تێیدا دەبێت خاوەن کاری نویێ بەڵێن بدات لە ماوەی (شەش مانگ ) مۆڵەتی کارکردن لەوەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی وەربگرێت بۆ کریکارە بیانییەکە، و دەستەبەری کومەڵایەتی بکات.

٦- ئەگەر خاوەن کار بڕگەی (٥) سەرەوەی جێبەجێ نەکرد ئەوا نشینگەی کەسی بیانی دوای کۆتایی هاتنی دووبارە نویێ ناکرێتەوە وپێویستە عێراق جێبهێڵێت وخاوەن کارسزا دەدرێت بەپێی ماددەی (هەژدەیەم).

٧- أ- دانی بڕێك پارە وەك رسوماتی گۆرینی ڤیزەی سەردان بۆ نشینگە بەپێی ماددەی ( هەژدەیەم ) بۆ ئەوکەسە بیانییانەی کە بۆ هاتنە ناوەوەی هەرێم پێویستییان بە وەرگرتنی ڤیزای ئەلیکترۆنی هەیە.

ب- دانی بڕێك پارە وەك رسوماتی گۆڕینی ڤیزەی سەردان بۆ نشینگە بەپێی ماددەی (هەژدەیەم) بۆ ئەو کەسە بیانییانەی کە هەڵگری رەگەزنامەی ئەو وڵاتانەن کە لەماددەی (چوارەم بڕگەی پێنجەم/١) هاتووە و هەڵگرانی رەگەزنامەی سوری هەمان رسومات دەدەن .

٨- نشینگە بۆ ماوەی شەش مانگ یان یەك ساڵ دەدرێت و لە ساڵێك زیاتر لە دەسەڵاتی وەزیرە.

دووەم: ئەم ماددەیە کارمەندانی رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ورێکخراوە نێودەوڵەتیی و دیپلۆماتکاران ناگرێتەوە.

**لایەنی داواکاری ڤیزە ی ئەلیکترۆنی و مەرجەکانی بەدواداچوونی کاروباری نشینگە**

**ماددەی ( ٧ ):-**

**یەکەم:**

أ- ئەم لایەنانەی لای خوارەوە دەتوانن داواکاری ڤیزەی ئەلیکترۆنی پێشکەش بکەن بۆ کەسی بیانی

١- پارێزەرانی ئەندام لە سەندیکای پارێزەرانی کوردستان.

٢- کۆمپانیاکانی بەدواداچوونی کاروباری نشینگە.

٣- کومپانیاکان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیی خۆیان.

٤- کۆمپانیا گەشتیارییەکان تەنها بۆ ڤیزەی گەشتیاری.

٥- فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە.

٦- نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە.

٧- کونسوڵگەرییە بیانییەکان لە هەرێم تەنها بۆ میوانانی خۆیان.

٨- فەرمانگە حکومییەکان تەنها بۆ میوانە فەرمییەکانی خۆیان.

٩- رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ میوان وستافی خۆیان.

١٠- ڕێکخراوەکانی کومەڵگەی مەدەنی (LOCAL NGO) بۆ کاری ڕێکخراوەیی خۆیان.

١١- ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (INTERNATIONAL NGO) بۆ کاری ڕێکخراوەیی خۆیان.

ب- کۆمپانیاکانی بواری نەوت و کۆمپانیاکانی هاوردەکردنی دەستی کاری بیانی کۆدی ڤیزەیان پێ نادرێت و داواکاری ڤیزە و نشینگەیان لەڕێگای وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و وەزارەتی کارو کاروباری کومەڵایەتی دەبێت.

**دووەم:** ئەو لایەنانەی برگەی (یەکەم/٢ ،٣)ی ئەم ماددەیە ئەگەر پێویستیان بە دانانی نوێنەر هەبێت بەمەبەستی بەدواداچوونی کاروباری نشینگە بۆ ئەو کەسانەی کە لە لایەن ئەوان داواکراون، دەبێت داواکارییەك ئاڕاستەی وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان و موڵەت پێدان بکەن بەمەبەستی پێدانی رەزامەندی.

**سێیەم:** دەبێت نوێنەر ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت:

١- تەمەنی لە (١٨) ساڵ کەمتر نەبێت.

٢- هەڵگری رەگەزنامەی عێراقی بێت.

٣- دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت و کارتی زانیاری ئەو پارێزگایەی هەبێت کە وەك نوێنەر تێیدا تۆمار دەکرێت.

٤- هەڵگری بڕوانامەی خوێندنی سەرەتایی بەرەو سەرەوە بێـت.

٥- ئەفسەر یان کارمەندی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ یان پێشمەرگە یان ئاسایش یان فەرمانبەر نەبێت لە سەر میلاکی هەمیشەیی یان کاتی (گرێبەست) لە فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەڵێننامە لەبەشی یاسایی بەڕێوەبەرایەتی نشینگە پڕ بکاتەوە بۆ ئەم مەبەستە.

٦- سزا نەدرا بێت بە هیچ تاوانێکی کەتن یان تاوان (جنحە أو جنایە) ئابڕووبەر (مخلە بالشرف) بە هێنانی پشتگیری بەڵگەکانی تاوان.

٧- خاوەن رەوشت و هەڵسوکەوتێکی باش بێت بە پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان و هیچ تێبینییەکی ئەمنی لەسەر نەبێت بە پشتگیری لایەنی ئاسایش.

٨- کۆمپانیاکەی کە نوێنەرایەتی دەکات تۆمارکرا بێت لە هەرێمی کوردستان و قەرزداری باج نەبێت بەپشتگیری لایەنی پەیوەندیدار.

٩- دەبێت نوێنەر بریکارنامەی نوێنەرایەتیی هەبێت لە بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیاکە و لەبەشی یاسایی بەڕێوەبەرایەتی نشینگە یان دادنووس پەسەند کرا بێت و ساڵانە نوێ بکرێتەوە.

١٠- فۆڕمی تایبەت بە نوێنەر پڕ بکاتەوە کە لەلایەن وەزارەت ڕێك دەخرێت.

١١- دانی بڕێك پارە ساڵانە وەك رسوماتی ڕێگەپێدانی نوێنەر بە پێی ماددەی (هەژدەیەم )ی ئەم بەیانە.

١٢- ئەو کۆمپانیایەی پێویستی بەدانانی نوێنەر هەیە نابێت لە دوو نوێنەر زیاتر دابنێت لە هەر پارێزگایەك.

١٣- کارتێکی تایبەت بە نوێنەری کومپانیاکان لە لایەن وەزارەت رێك دەخرێت بەرامبەر بڕێك رسومات کە بەپێی بڕیاری ژمارە (٧٧)ی ئەنجوومەنی وەزیران لە ٢٠١٦/٢/٣ کە لە ژمارە (١٩٦) رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە ٢٠١٦/٣/١ بلاوکراوەتەوە وەردەگیرێت و هیچ نوێنەرێك رێگای پێ نادرێت کار بکات ئەگەر باجی کارکردنی لە لایەن وەزارەت بۆ رێك نەخرابێت.

**چوارەم:**

أ- خاڵەکانی (١، ٥، ٦، ٧ ،٨،٩،١٠،١١) لە برگەی یەکەم/أ بەدەرن لە برگەکانی (دووەم، سێیەم) ی ئەم ماددەیە.

ب- پارێزەرانی ئەندام لە سەندیکای پارێزەرانی کوردستان، کە بەپێی یاسای پارێزەرایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٩ی هەموارکراو کار دەکەن، تەنیا بریکارنامەی پەسەندکراوی بریکارەکانیان و ناسنامەی پارێزەرایەتییان لێ داوا دەکرێت بۆ بەدواداچوونی کاروباری ڤیزا و نشینگە.

ج- خاڵەکانی (٧،٩،١٠،١١) برگەی یەکەمی ئەم ماددەیە کارتێکی بە خۆڕاییان بۆ رێکدەخرێت لە لایەن وەزارەت بەدەر لەمەرجەکانی پێدانی کارتی تایبەت بە نوێنەر بەمەبەستی بەدواداچوونی کاروباری نشینگەی کارمەندەکانیان.

**پێنجەم:** هەر کەسێك لەوانەی لە برگەی (یەکەم ) ئاماژەیان پێدراوە پێچەوانەی یاسا و رێنماییەکانی ڤیزە و نشینگە کار بکەن دەخرێنە لیستی رەش بەپێی رێککارەکانی ماددەی (دوازدەیەم)ی ئەم بەیانە. جگە لە پارێزەران کە لەکاتی سەرپێچیکردنیان ، رەوانەی ئەنجومەنی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان دەکرێن، بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەگەڵیان، تا هاتنی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەش، کۆدی ڤیزا و کاری نشینگەیان رادەگیرێت.

## وەرگرتنی کۆدی ڤیزەی ئەلیکترۆنی

**ماددەی ( ٨ ):-**

**یەکەم: پارێزەران**

١- پێویستە پارێزەر فۆرمی ژمارە (٢٩) پڕ بکاتەوە.

٢- پڕکردنەوەی فۆرمی بەڵێننامەی ژمارە (١٢) بۆ یەکجار تا کۆتایی ساڵی دارایی.

**دووەم: کومپانیاکانی بەدواداچوونی کاروباری نشینگە**

١- پێویستە بەڕێوەبەری رێگەپێدراوی کۆمپانیا یان پارێزەری کۆمپانیا فۆرمی ژمارە(٣٠) پڕبکاتەوە.

٢- پڕکردنەوەی فۆرمی بەڵێننامەی ژمارە (٤) بۆ یەکجار تا کۆتایی ساڵی دارایی.

**سێیەم: کۆمپانیاکان**

١- دەبێت ئەو کۆمپانیایەی کە پێویستی بە کەسی بیانی هەیە ، تەنها بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی خۆی داوای کۆد بکات، نەك کاری داواکردنی ڤیزە بکات بە پیشەی کومپانیاکەی، کە ئەوەش ڕووبەڕووی گرفتی یاسایی دەکات.

٢- پێویستە کۆمپانیا فۆڕمی ژمارە(١٣) پڕ بکاتەوە.
٣- پڕکردنەوەی فۆڕمی ژمارە (٢٨) لاپەڕە ( A,B ) و ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتیی نشینگەی بکات لەو سنوورەی بارەگای سەرەکی کومپانیاکەی لێیە بە مەبەستی ئەنجامدانی پشکنین (کشف) لەلایەن لیژنەی تایبەتمەند.
٤- پڕکردنەوەی فۆڕمی بەڵێننامەی ژمارە (٢) بۆ یەکجار تاکۆتاییی ساڵی دارایی.

**چوارەم: فەرمانگە حکومییەکان**

١- کۆدی ڤیزە تەنها بە وەزارەت و دەستە سەربەخۆکان و زانکۆکان و پارێزگاکان دەدرێت بۆ داواکردنی کەسی بیانی بۆ کاری فەرمی لەو دامودەزگایانە وئەو فەرمانگانەی خوارووی خۆیان دەبێت لەرێگەی ئەو لایەنانەی سەرەوە داواکاری ڤیزە پێشکەش بکەن بەپێی زنجیرەی پێداچوونەوە (سلسلة المراجع).
٢- پێویستە ئەو لایەنانەی خاڵی (١)ی سەرەوە فۆڕمی ژمارە(٢٤) پڕ بکەنەوە.

**پێنجەم: کۆمپانیاکانی گەشتیاری**

١-دەبێت کۆمپانیاکانی گەشتیاری تەنها داوای ڤیزە بکەن بۆ گەشتیاران، بەپێی ڕێنماییەکانی ڤیزەی گەشتیاری.
٢- پڕکردنەوەی فۆڕمی بەڵێننامەی ژمارە (٨) بۆ یەکجار تا کۆتایی ساڵی دارایی.
٣-دەبێت کۆمپانیا فۆڕمی ژمارە(١٤) پڕبکاتەوە.
٤-پێویستە کۆمپانیا فۆڕمی ژمارە (٢٨) لاپەڕە ( B , A ) پڕ بکاتەوە و ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی بکات لەو سنوورەی بارەگای سەرەکی کۆمپانیاکەی لێیە بەمەبەستی ئەنجامدانی پشکنین(کشف) لە لایەن لیژنەی تایبەتمەند.

**شەشەم: فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە**

١-پڕکردنەوەی فۆڕمی ژمارە(٢٤) ئەگەر کۆدەکە بۆ فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە یان نوێنەرایەتییەکانی هەرێم لە دەرەوە بێت.
٢-پڕکردنەوەی فۆڕمی ژمارە(٣١) ئەگەر کۆدەکە بۆ کونسوڵگەرییە بیانییەکان بێت لە هەرێمی کوردستان.

**حەوتەم: ڕێکخراوەکانی (LOCAL NGO)**

١- پڕکردنەوەی فۆڕمی ژمارە(٢٦)تایبەت بە زانیارییەکانی ڕێکخراوەکان.
٢- پڕکردنەوەی فۆڕمی بەڵێننامەی ژمارە (١٠) بۆ یەکجار تا کۆتایی ساڵی دارایی.
٣- پێویستە ڕێکخراو فۆڕمی ژمارە (٣٤) لاپەرە ( A , B ) پڕبکاتەوە و ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتیی نشینگەی بکات لەو سنوورەی بارەگای سەرەکی ڕێکخراوەکەی لێیە بە مەبەستی ئەنجامدانی پشکنین (کشف) لە لایەن لیژنەی تایبەتمەند.

**هەشتەم: ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان**

١- پڕکردنەوەی فۆڕمی ژمارە (٣٢) تایبەت بە زانیارییەکانی ڕێکخراوی داواکار.

٢- پێویستە ئەو ڕێکخراوانەی کە ماددەی چوارەم بڕگەی حەفتەم/٨ نایانگرێتەوە فۆڕمی ژمارە (٣٤) لاپەڕە ( A , B ) پڕ بکەنەوە و ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی بکات لە سنووری بارەگایی سەرەکی ڕێکخراوەکەی لێیە بە مەبەستی ئەنجام دانی (کشف) لە لایەن لێژنەی تایبەتمەند.

**نۆیەم:** ڕێکخراوەکانی UN

پڕکردنەوەی فۆڕمی ژمارە (٢٥) تایبەت بە زانیارییەکانی ڕێکخراوی داواکار.

**دەیەم:** پێویستە دوای پڕکردنەوەی فۆڕمەکان و تەواوکردنی گشت ڕێککارەکان و داواکاری کۆدی ڤیزە، فۆڕمەکەی ڕادەستی وەزارەتی ناوخۆ یا بەڕێوبەرایەتی نشینگەی تایبەتمەند بکات بەپێی جۆری کۆد، وپێویستە نوێنەری یاسایی داواکاری کۆد ئامادە بێت بەمەبەستی پڕکردنەوی بەڵێننامە و وەرگرتنی کۆدی ڤیزە.

**ڕێککارەکانی داواکردنی ڤیزەی ( ON LINE )**

**ماددەی ( ٩ ):-**

**یەکەم:** پارێزەران

١- پڕکردنەوەی ئەپلیکەیشنی تایبەت، لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

٢-أ- ماوەی بەسەرچوونی پاسپۆرتی کەسی بیانی نابێت لە (٦)مانگ کەمتر بێت.

ب- هەڵگرانی (بەڵگەنامەی گەشت – Travel Document)، لە ڕێگای نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە دەتوانن داوای ڤیزە بکەن.

٣- ئەگەر داواکاری ڤیزە لە ڕێگای پارێزەر یان کەسێکی سروشتی بێت، دەبێت ئەم بەڵگەنامانە هاوپێچ بکرێت:

أ- پڕکردنەوەی فۆڕمی ژمارە (١٥) تایبەت بە زانیاری کەسی داواکاری ڤیزە کە تەنها لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی دانراوە.

ب- پڕکردنەوە و واژۆکردنی فۆڕمی ژمارە(١٦) کە تایبەتە بە زانیاری کەسی بیانی داواکراو لە لایەن خودی کەسی بیانی، کە تەنها لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی دانراوە.

ج- کۆپی ڕەنگاورەنگی ڕەگەزنامە و ناسنامەی باری شارستانی عێراقی لایەنی داواکار، یان کارتی نیشتیمانی.

د-کارتی زانیاری لایەنی داواکار دەبێت دەرچووی ئەو پارێزگایە بێت کە پارێزەر داوای ڤیزەی هاتنە ژوورەوە بۆ کەسی بیانی دەکات.

هـ- ئەگەر پارێزەر لایەنی داواکار بێت، تەنیا ناسنامەی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان هاوپێچ دەکرێت و لە فۆڕمی (١٥) ئاماژەی پێ دەکرێت.

٤- ئەگەر لایەنی داواکار دامەزراوەیەکی ئەهلی خوێندن یان کارگە یان هەر دامەزراوەیەکی کەرتی تایبەت بێت جگە لە کۆمپانیا پێویستە ئەم بەڵگەنامانە هاوپێچ بکرێت:

أ- مۆڵەتی دامەزراندن.

ب- پاکانەی باجی ساڵی دارایی نوێ.

ج- فۆڕمی ژمارە (١٦) تایبەت بە زانیاری کەسی بیانی.

د- پشتگیری ژووری بازرگانی و پیشەسازی ئەگەر لایەنی داواکار شوێنێکی بازرگانی بێت یان کارگە بێت.

٥- ئەگەر لایەنی داواکار کۆمپانیا بێت پێویستە فۆڕمی ژمارە (٢٨)ی هەبێت و پەسەند کرا بێت لەلایەن لیژنەی تایبەتمەند و هاوپێچ بکرێت.

٦- ماوەی ڕێگەپێدان تەنها بۆ (٣٠) ڕۆژە.

٧- پڕکردنەوەی فۆڕمی ژمارە ( ١١) کە تەنها لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی دانراوە.

٨- ئەگەر لایەنی داواکار ڕێکخراو بێت پێویستە فۆڕمی ژمارە (١٦) پڕبکاتەوە هەروەها فۆڕمی ژمارە (٣٤) هەبێت و لە لایەن لیژنە پەسەند کرا بێت و هاوپێچ بکرێت تەنها بۆ ئەو ڕێکخراوانەی ئەم فۆرمە دەیانگرێتەوە.

٩- ئەگەر لایەنی داواکار پارێزەر بوو و کەسی بیانی ئارەزووی مانەوەی هەبێت بە مەبەستی کارکردن یان بەیەکگەیاندنی خێزانی، یان خوێندن ، ئەوا دەکرێت پارێزەری داواکار ڕێککارەکانی نشینگەی بۆ ئەنجام بدات، بە سپۆنسەری خۆی یان بۆ سەر کۆمپانیایەك یان هەر لایەنێکی داواکاری تر ، پێش کۆتایی هاتنی ماوەی ڤیزەکەی لە هەمان بەڕێوبەرایەتی نشینگە کە ئەدرێسی پارێزەری لێ تۆمار کراوە بەمەرجێك بریکارنامەی لە لایەن خودی کەسی بیانی هەبێت ، و دوای ئەو ماوەیە نشینگە بە کەسی بیانی نادرێت و پێویستە عێراق جێبهێلێت پاش دانی گشت سزاکانی دواکەوتن .

١٠- لە کاتی نەگەڕانەوەی کەسی بیانی و ئەنجام نەدانی ڕێککارەکانی پێدانی کارتی نشینگە، ئەو کەسەی کە بەڵێننامەی داوە، دەبێت بڕی پارەی ئەو بەڵێننامەیە بدات بە گەنجینەی هەرێم لە بەرامبەر جێبەجێ نەکردنی بەڵێننامەکەی بەپێی یاسا ، سەرەڕای ئەنجامدانی ڕێککارە یاساییەکانی تر کە بەرامبەر بەڵێندەر و ئەو لایەنەی کە داوای ڤیزەی کردووە.

١١- ئەگەر ژمارەی ئەو ڤیزانەی بە پارێزەر دراون و ئەو کەسانەی کە داخل بوون لە (٤٠) چل ڤیزە تێپەڕ بوو، ئەوا سیستەم بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پێدانی ڤیزە بەو پارێزەرە ڕادەگرێت و پێویستە پارێزەر لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ چارەنووسی ئەو کەسانە دیاری بکات لە ڕێگای نووسراوێکی فەرمی بۆ بەرێوەبەرایەتی ڤیزە لە وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ هاوپێچ کردنی گشت ئەو بەڵگانەی کە پێویستە بۆ سەلماندنی چارەنووسیان.

١٢- پێویستە گشت فۆڕمەکان بە کۆمپیوتەر پڕبکرێنەوە.

١٣- رسوماتی تایبەت بە ڤیزە بدرێت لە ڕێگای بارکۆدی تایبەت لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

١٤- لەکاتی ڕەتکردنەوەی ڤیزە دەکرێت دوای (٢٤) کاتژمێر داواکارییەکە دووبارە بکرێتەوە، ئەمەش دوای چاککردنەوی هۆکارەکانی ڕەتکردنەوە، ئەگەر هۆکار پەیوەندیدار نەبێت بە قەدەغەی هاتن.

**دووەم: کۆمپانیاکانی بەدواداچوونی کاروباری نشینگە**

١- پڕکردنەوەی ئەپلیکەیشنی تایبەت لەوێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

٢-أ- ماوەی بەسەرچوونی پاسپۆرتی کەسی بیانی نابێت لە (٦)مانگ کەمتر بێت.

ب- هەڵگرانی (بەڵگەنامەی گەشت – Travel Document)، لە ڕێگای نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە دەتوانن داوای ڤیزە بکەن.

٣- ماوەی ڕێگەپێدان تەنها بۆ(٣٠)رۆژە.

٤- پڕکردنەوەی فۆڕمی ژمارە (٣ ) کە تەنها لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی دانراوە.

٥- ئەگەر لایەنی داواکار کەسێکی سروشتی عێراقی نیشتەجێی هەرێم بێت پێویستە ئەم بەڵگەنامانە هاوپێچ بکرێت:-

أ-کۆپی ڕەنگاورەنگی ڕەگەزنامەی عیراقی و ناسنامەی باری شارستانی، یان کارتی نیشتیمانی.

ب- کارتی زانیاری کەسی سروشتی عێراقی نیشتەجێی ئەو پارێزگایەی کە کۆمپانیای نشینگەی لێ تۆمارکراوە.

ج- پڕکردنەوەی فۆڕمی(١٥) تایبەت بە زانیاری کەسی داواکاری ڤیزە کە تەنها لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی دانراوە.

د- پڕکردنەوە و واژۆکردنی فۆڕمی ژمارە(١٦)کە تایبەتە بە زانیاری کەسی بیانی داواکراو لە لایەن خودی کەسی بیانی کە تەنها لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی دانراوە.

٦- ئەگەر لایەنی داواکار کۆمپانیا بێت پێویستە کۆمپانیا فۆڕمی ژمارە (٢٨)ی هەبێت و لەلایەن لیژنەی تایبەتمەند پەسەند کرابێت و هاوپێچ بکرێت.

٧-ئەگەر لایەنی داواکار ڕێکخراو بێت پێویستە فۆڕمی ژمارە (١٦) پڕبکاتەوە هەروەها فۆڕمی ژمارە(٣٤)هەبێت و لە لایەن لیژنە پەسەند کرابێت بۆ ئەو ڕێکخراوانەی ئەم فۆرمە دەیانگرێتەوە و هاوپێچ بکرێت، ومۆڵەتی ڕێکخراوەکە هاوپێچ بکرێت.

٨-ئەگەر لایەنی داواکار دمەزراوەیەکی ئەهلی خوێندن یان کارگە یان هەر دامەزراوەیەکی کەرتی تایبەت جگە لە کۆمپانیا پێویستە ئەم بەڵگەنامانە هاوپێچ بکرێت:

أ- مۆڵەتی دامەزراندن.

ب- پاکانەی باجی ساڵی دارایی نوێ.

ج- پڕکردنەوەی فۆڕمی ژمارە(١٦) کە تایبەتە بە زانیاری کەسی بیانی داواکراو لەلایەن خودی کەسی بیانی کە تەنها لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی دانراوە.

د- پشتگیری ژووری بازرگانی و پیشەسازی ئەگەر لایەنی داواکار شوێنیکی بازرگانی بێت یان کارگە بێت.

٩- پێویستە رسوماتی تایبەت بە ڤیزە بدرێت لە ڕێگای وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی .

١٠- کۆمپانیاکانی بەدواداچوونی نشینگە دەتوانن ببنە لایەنی داواکاری وەرگرتنی ڤیزە.

١١- ئەگەرلایەنی داواکار کۆمپانیای بەدواداچوونی کاروباری نشینگە بوو و کەسی بیانی ئارەزووی مانەوەی هەبێت بە مەبەستی کارکردن یان بەیەکگەیاندنی خێزانی، یان خوێندن ، ئەوا کۆمپانیای بەدواداچوونی نشینگە ڕێککارەکانی نشینگەی بۆ ئەنجام بدات، بە سپۆنسەری کۆمپانیایەك یان هەر لایەنێکی داواکاری تر یان

کەسێکی سروشتی، پێش کۆتایی هاتنی ماوەی ڤیزە لە هەمان بەڕێوەبەرایەتی نشینگە کە ئەدرێسی کۆمپانیای لێ تۆمار کراوە بەمەرجێك بریکارنامەی لە لایەن خودی کەسی بیانی هەبێت ، و دوای ئەو ماوەیە نشینگە بە کەسی بیانی نادرێت و پێویستە عێراق جێهێلێت پاش دانی گشت سزاکانی دواکەوتن.

١٢- پێویستە رسوماتی تایبەت بە ڤیزە بدرێت لە ڕێگای وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

١٣- لە کاتی نەگەڕانەوەی کەسی بیانی و ئەنجام نەدانی ڕێککارەکانی پێدانی کارتی نشینگە ، ئەو کەسەی کە بەڵێننامەی داوە، دەبێت بڕی پارەی ئەو بەڵێننامەیە بدات بە گەنجینەی هەرێم لە بەرامبەر جێبەجێ نەکردنی بەڵێننامەکەی بەپێی یاسا ، سەرەڕای ئەنجامدانی ڕێککارە یاساییەکانی تر کە بەرامبەر بەڵێندەر و ئەو لایەنەی کە داوای ڤیزەی کردووە.

١٤- ئەگەر ژمارەی ئەو ڤیزانەی بە کۆمپانیا دراون و ئەو کەسانەی کە داخل بوون لە (٦٠) شەست ڤیزە تێپەڕ بوو ئەوا سیستەم بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پێدانی ڤیزە بەو کۆمپانیایانە ڕادەگرێت و پێویستە کۆمپانیا لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ چارەنووسی ئەو ڤیزانە دیاری بکات لە ڕێگای نووسراوێکی فەرمی بۆ بەڕێوەبەرایەتی ڤیزە لە وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ هاوپێچ کردنی گشت ئەو بەڵگەنامانەی کە پێویستە بۆ سەلماندنی چارەنووسیان.

١٥- پێویستە گشت فۆڕمەکان بە کۆمپیوتەر پڕبکرێنەوە.

١٦- لەکاتی ڕەتکردنەوەی ڤیزە دەکرێت دوای (٢٤) کاتژمێر داواکارییەکە دووبارە بکرێتەوە، ئەمەش دوای چاککردنەوی هۆکارەکانی ڕەتکردنەوە، ئەگەر هۆکار پەیوەندیدار نەبێت بە قەدەغەی هاتن.

**سێیەم: کۆمپانیاکان**

١- پڕکردنەوەی ئەپلیکەیشنی تایبەت لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

٢- ماوەی بەسەرچوونی پاسپۆرتی کەسی بیانی نابێت لە (٦)مانگ کەمتر بێت.

٣- هەڵگرانی (بەڵگەنامەی گەشت – Travel Document)، لە ڕێگای نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە دەتوانن داوای ڤیزە بکەن.

٤- ماوەی ڕێگەپێدان تەنها بۆ(٣٠) ڕۆژە.

٥- ڤیزە تەنها بۆ مەبەستی سەردان دەدرێت، و دەبێت هۆکاری هاتنەکە دیاری بکرێت.

٦- پڕکردنەوە فۆڕمی ژمارە (١) کە تەنها لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی دانراوە.

٧- پێویستە رسوماتی تایبەت بە ڤیزە بدرێت لە ڕێگای وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

٨- پڕکردنەوە فورمی ژمارە (٣٣) کە تایبەتە بە زانیاری کەسی بیانی داواکراو لە لایەن خودی کەسی بیانی کە تەنها لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی دانراوە.

٩- دەبێت کۆمپانیا فۆڕمی ژمارە (٢٨)ی هەبێت و لەلایەن لیژنەی تایبەتمەند پەسەند کرابێت و هاوپێچ بکرێت.

١٠- پێویستە گشت فۆڕمەکان بە کۆمپیوتەر پڕبکرێنەوە.

١١- لە کاتی نەگەڕانەوەی کەسی بیانی و ئەنجام نەدانی ڕێککارەکانی پێدانی کارتی نشینگە ، ئەو کەسەی کە بەڵێننامەی داوە، دەبێت بڕی پارەی ئەو بەڵێننامەیە بدات بە گەنجینەی هەرێم لە بەرامبەر جێبەجێ نەکردنی بەڵێننامەکەی بەپێی یاسا، سەرەڕای ئەنجامدانی ڕێککارە یاساییەکانی تر کە بەرامبەر بەڵێندەر و ئەو لایەنەی کە داوای ڤیزەی کردووە.

١٢- ئەگەر ژمارەی ئەو ڤیزانەی بە کۆمپانیا دراون و ئەو کەسانەی کە داخل بوون لە (٢٠) بیست ڤیزە تێپەڕ بوو ئەوا سیستەم بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پێدانی ڤیزە بەو کۆمپانیایە ڕادەگرێت، و پێویستە کۆمپانیا لەماوەی (٣٠) ڕۆژ چارەنووسی ئەو ڤیزانە دیاری بکات لە ڕێگای نووسراوێکی فەرمی بۆ بەڕێوەبەرایەتی ڤیزە لە وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ هاوپێچ کردنی گشت ئەو بەڵگەنامانەی کە پێویستە بۆ سەلماندنی چارەنووسیان.

١٣- لەکاتی ڕەتکردنەوەی ڤیزە دەکرێت دوای (٢٤) کاتژمێر داواکارییەکە دووبارە بکرێتەوە دوای چاککردنەوی هۆکارەکانی ڕەتکردنەوە ئەگەر هۆکار پەیوەندیدار نەبێت بە قەدەغەی هاتن.

**چوارەم:کۆمپانیا گەشتیارییەکان**

١- پڕکردنەوەی ئەپلیکەیشنی تایبەت لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

٢- أ- ماوەی بەسەرچوونی پاسپۆرتی کەسی بیانی نابێت لە (٦) مانگ کەمتر بێت.

ب- هەڵگرانی (بەڵگەنامەی سەفەر- Travel Document)، لە ڕێگای نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە دەتوانن داوای ڤیزە بکەن.

٣- ماوەی ڕێگەپێدان تەنها بۆ (٣٠) ڕۆژە.

٤- ڤیزە تەنها بۆ مەبەستی گەشتوگوزار دەدرێت.

٥- پڕکردنەوەی بەڵێننامەی تایبەت بە کۆمپانیاکان بە فۆڕمی ژمارە (٧) کە تەنها لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی دانراوە.

٦- پێویستە پێش کۆتایی هاتنی ماوەی ڕێگەپێدان کەسی بیانی بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی، بە پێچەوانەوە کۆمپانیای داواکار ڕووبەڕووی گرفتی یاسایی و دارایی دەبێتەوە.

٧- پێویستە رسوماتی تایبەت بە ڤیزە بدرێت لە ڕێگای وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی .

٨- پڕکردنەوە و واژۆکردنی فۆڕمی ژمارە (٣٣) کە تایبەتە بە زانیاری کەسی بیانی داواکراو لە لایەن خودی کەسی بیانی لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی دانراوە.

٩- دەبێت کۆمپانیا فۆڕمی ژمارە (٢٨)ی هەبێت و لەلایەن لیژنەی تایبەتمەند پەسەندکرابێت و هاوپێچ بکرێت.

١٠- ئەگەر ژمارەی ئەو ڤیزانەی بە کۆمپانیا دراون و ئەو کەسانەی کە داخل بوون لە (٤٠) چل ڤیزە تێپەڕ بوو ئەوا سیستەم بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پێدانی ڤیزە بەو کۆمپانیایە ڕادەگرێت، و پێویستە کۆمپانیا لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ چارەنووسی ئەو ڤیزانە دیاری بکات لە ڕێگای نووسراوێکی فەرمی بۆ بەرێوبەرایەتی ڤیزە لە وەزارەتی ناوخۆ لەگەل هاوپێچ کردنی گشت ئەو بەڵگەنامانەی کە پێویستە بۆ سەلماندنی چارەنووسیان.

١١- پێویستە گشت فۆڕمەکان بە کۆمپیوتەر پڕبکرێنەوە.

١٢- لە کاتی نەگەڕانەوەی کەسی بیانی بۆ وڵاتی خۆی و ئەنجام نەدانی ڕێککارەکانی پێدانی کارتی نشینگە، ئەو کەسەی کە بەڵێننامەی داوە، دەبێت بڕی پارەی ئەو بەڵێننامەیە بدات بە گەنجینەی هەرێم لە بەرامبەر جێبەجێ نەکردنی بەڵێننامەکەی بەپێی یاسا، سەرەڕای ئەنجامدانی ڕێککارە یاساییەکانی تر کە بەرامبەر بەڵێندەر و ئەو لایەنەی کە داوای ڤیزەی کردووە.

١٣- لەکاتی ڕەتکردنەوەی ڤیزە دەکرێت دوای (٢٤) کاتژمێر داواکارییەکە دووبارە بکرێتەوە دوای چاککردنەوی هۆکارەکانی ڕەتکردنەوە ئەگەر هۆکار پەیوەندیدار نەبێت بە قەدەغەی هاتن.

**پێنجەم**: ڕێکخراوەکانی( LOCAL NGO)

١- پڕکردنەوەی ئەپلیکەیشنی تایبەت لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

٢- أ- ماوەی بەسەرچوونی پاسپۆرتی کەسی بیانی نابێت لە (٦) مانگ کەمتر بێت.

ب- هەڵگرانی (بەڵگەنامەی گەشت – Travel Document)، لە ڕێگای نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە دەتوانن داوای ڤیزە بکەن.

ج- ماوەی ڕێگەپێدان تەنها بۆ (٣٠) ڕۆژە.

٣- مۆڵەتی دامەزراندنی تایبەت بە ڕێکخراو هاوپێچ بکرێت.

٤- لە کاتی نەگەڕانەوەی کەسی بیانی بۆ وڵاتی خۆی و ئەنجام نەدانی ڕێککارەکانی پێدانی کارتی نشینگە، ئەو کەسەی کە بەڵێننامەی داوە، دەبێت بڕی پارەی ئەو بەڵێننامەیە بدات بە گەنجینەی هەرێم لە بەرامبەر جێبەجێ نەکردنی بەڵێننامەکەی بەپێی یاسا، سەرەڕای ئەنجامدانی ڕێککارە یاساییەکانی تر کە بەرامبەر بەڵێندەر و ئەو لایەنەی کە داوای ڤیزەی کردووە.

٥- پێویستە رسوماتی تایبەت بە ڤیزە بدرێت لە ڕێگای وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی .

٦- پڕکردنەوەی فۆڕمی ژمارە (١٩) تایبەت بە زانیاری کەسی داواکاری ڤیزەی بۆ دەکرێت کە تەنها لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی دانراوە.

٧- پڕکردنەوەی فۆڕمی ژمارە ( ٩ ) کە تەنها لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی دانراوە

٨- دەبێت ڕێکخراوەکە فۆڕمی ژمارە (٣٤) ی هەبێت و لەلایەن لیژنەی تایبەتمەند پەسەند کرابێت و هاوپێچ بکرێت.

٩- ئەگەر ژمارەی ئەو ڤیزانەی بە ڕێکخراوەکان دراون و ئەو کەسانەی کە داخل بوون لە (١٥) پازدە ڤیزە تێپەڕ بوو ئەوا سیستەم بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پێدانی ڤیزە بەو ڕێکخراوە ڕادەگرێت، وپێویستە ڕێکخراوەکە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ چارەنووسی ئەو ڤیزانە دیاری بکات لە ڕێگای نووسراوێکی فەرمی بۆ بەڕێوبەرایەتی ڤیزە لە وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ هاوپێچ کردنی گشت ئەو بەڵگەنامانەی کە پێویستە بۆ سەلماندنی چارەنووسیان.

١٠- پێویستە گشت فۆڕمەکان بە کۆمپیوتەر پڕبکرێنەوە.

١١- لەکاتی ڕەتکردنەوەی ڤیزە دەتوانرێت دوای (٢٤) کاتژمێر داواکارییەکە دووبارە بکرێتەوە دوای چاککردنەوەی هۆکارەکانی رەتکردنەوەکە، ئەگەر هۆکار پەیوەندیدار نەبێت بە قەدەغەی هاتن.

**شەشەم:** ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (INTERNATIONAL NGO )

١- پڕکردنەوەی ئەپلیکەیشنی تایبەت لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

٢- أ- ماوەی بەسەرچوونی پاسپۆرتی کەسی بیانی نابێت لە (٦) مانگ کەمتر بێت.

ب- هەڵگرانی (بەڵگەنامەی گەشت — Travel Document)، لە ڕێگای نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە دەتوانن داوای ڤیزە بکەن.

٣- ماوەی ڕێگەپێدان تەنها بۆ (٣٠) تا (٣٦٥) رۆژە.

٤- مۆڵەتی تۆمارکردنی تایبەت بە ڕێکخراولە هەرێم هاوپێچ بکرێت.

٥- ئەگەر ماوەی ڕێگەپێدانەکە (٣٠ تا ١٢٠ ) رۆژ بێت ، پێویستە پێش کۆتایی هاتنی ماوەی ڕێگەپێدان کەسی بیانی بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی یان کاری یاسایی نشینگەی بۆ ئەنجام بدرێت بەپێی ڕێنماییەکان، بە پێچەوانەوە ڕێکخراوی داواکار ڕووبەڕووی گرفتی یاسایی دەبێتەوە.

٦- پێویستە رسوماتی تایبەت بە ڤیزە بدرێت لە ڕێگای وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

٧- پڕکردنەوەی فۆڕمی ژمارە ( ٩ ) کە تەنها لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی دانراوە.

٨- پڕکردنەوەی فۆڕمی ژمارە(١٩) تایبەت بە زانیاری کەسی داواکاری ڤیزەی بۆ دەکرێت کە تەنها لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی دانراوە.

٩- دەبێت ڕێکخراوەکە فۆڕمی ژمارە (٣٤) ی هەبێت و لەلایەن لیژنەی تایبەتمەند پەسەند کرابێت و هاوپێچ بکرێت تەنها بۆ ئەو ڕێکخراوانەی ئەم فۆڕمە دەیانگرێتەوە.

١٠- ئەگەر ژمارەی ئەو ڤیزانەی بە ڕێکخراوەکان دراون و ئەو کەسانەی کە داخل بوون لە(١٥) پازدە ڤیزە تێپەڕ بوو ئەوا سیستەم بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پێدانی ڤیزە بەو ڕێکخراوە ڕادەگرێت، وە پێویستە ڕێکخراو لە ماوەی(٣٠) رۆژ چارەنووسی ئەو ڤیزانە دیاری بکات لە ڕێگای نووسراوێکی فەرمی بۆ بەرێوبەرایەتی ڤیزە لە وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ هاوپێچ کردنی گشت ئەو بەڵگەنامانەی کە پێویستە بۆ سەلماندنی چارەنووسیان.

١١- پێویستە گشت فۆڕمەکان بە کۆمپیوتەر پڕبکرێنەوە

١٢- لەکاتی ڕەتکردنەوەی ڤیزە دەکرێت دوای (٢٤) کاتژمێر داواکارییەکە دووبارە بکرێتەوە دوای چاککردنەوەی هۆکارەکانی رەتکردنەوەکە، ئەگەر هۆکار پەیوەندیدار نەبێت بە قەدەغەی هاتن.

**حەوتەم:** ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان (UN)

١- پڕکردنەوەی ئەپلیکەیشنی تایبەت لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

٢- ماوەی بەسەرچوونی پاسپۆرتی کەسی بیانی نابێت لە (٦) مانگ کەمتر بێت.

٣- ماوەی رێگەپێدان لە(٣٠)رۆژ دەدرێت تا(٣٦٥)رۆژ.

٤- پڕکردنەوەی فۆڕمی ژمارە (١٨) تایبەت بە زانیاری کەسی داواکاری ڤیزەی بۆ دەکرێت کە تەنها لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی دانراوە.

٥- پێویستە پێش کۆتایی ماوەی رێگەپێدان کەسی بیانی بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی یان کاری یاسایی نشینگەی بۆ ئەنجام بدرێت بەپێی رێنماییەکان ئەگەر ماوەی رێگەپێدانەکە لە (١٨٠) رۆژ زیاتر بێت، بەڵام ئەگەر ماوەی رێگەپێدانەکە لە (٣٠) رۆژ زیاتر بوو تا (١٢٠) رۆژ ئەوا کارتی هەواڵی گەیشتنی پێ دەدرێت.

٦- ڤیزە بە کارمەند و میوانە فەرمییەکانی رێکخراوە کانی UN بەبێ بەرامبەر دەدرێت.

٧- پێویستە گشت فۆڕمەکان بە کۆمپیوتەر پڕبکرێنەوە.

٨- لەکاتی ڕەتکردنەوەی ڤیزە دەکرێت دوای(٢٤)کاتژمێر داواکارییەکە دووبارە بکرێتەوە دوای چاککردنەوی هۆکارەکانی رەتکردنەوەکە، ئەگەر هۆکار پەیوەندیدار نەبێت بە قەدەغەی هاتن.

**هەشتەم: فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە**

١- پڕکردنەوەی ئەپلیکەیشنی تایبەت لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی .

٢- ماوەی رێگەپێدان تەنها بۆ (٣٠) رۆژە.

٣- ماوەی بەسەرچوونی پاسپۆرت یان بەڵگەنامەی گەشتی کەسی بیانی نابێت لە (٦) مانگ کەمتر بێت.

٤- أ- پڕکردنەوەی فۆڕمی ژمارە (٢٠) کە تایبەتە بە زانیاری کەسی بیانی داواکراو ئەگەر لەلایەن کونسلگەرییە بیانییەکان لەهەرێم داواکرابوو و تەنها لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی دانراوە.

ب- پڕکردنەوەی فۆڕمی ژمارە (٢١) کە تایبەتە بە زانیاری کەسی بیانی داواکراو ئەگەر لەلایەن خودی فەرمانگەی پەیوەندییەکان داواکرابوو و تەنها لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی دانراوە.

ج- پڕکردنەوەی فۆڕمی ژمارە (٢٢) کە تایبەتە بە زانیاری کەسی بیانی داواکراو ئەگەر لەلایەن نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە داواکرابوو و تەنها لە وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی دانراوە.

٥- پێویستە رسوماتی تایبەت بە ڤیزە بدرێت لە ڕێگای وێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

٦- پێویستە گشت فۆڕمەکان بە کۆمپیوتەر پڕبکرێنەوە.

٧- لەکاتی ڕەتکردنەوەی ڤیزە دەکرێت دوای (٢٤) کاتژمێر داواکارییەکە دووبارە بکرێتەوە دوای چاککردنەوەی هۆکارەکانی رەتکردنەوەکە، ئەگەر هۆکار پەیوەندیدار نەبێت بە قەدەغەی هاتن.

**نۆیەم: فەرمانگە حکومییەکان**

١- پڕکردنەوەی ئەپلیکەیشنی تایبەت لەوێبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی.

٢- ماوەی بەسەرچوونی پاسپۆرتی کەسی بیانی نابێت لە (٦) مانگ کەمتر بێت.

٣- هەڵگرانی (بەڵگەنامەی گەشت – Travel Document)، لە رێگای نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە دەتوانن داوای ڤیزە بکەن.

٤- پڕکردنەوەی فۆڕمی ژمارە (٢٣و٢٧) کە تەنها لە ویبسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی دانراوە.

٥- داواکردنی ڤیزە بۆ کەسی بیانی تەنها بۆ کاری فەرمی فەرمانگەی حکومی داواکار دەبێت ونابێت ڤیزە بە ناوی فەرمانگەی حکومی بۆ مەبەستی تر داوابکرێت، وئەگەر حاڵەتی بەم شێوەیە روویدات ئەوا گشت بەرپرسیارییەتی ئەم کارە دەکەوێتە ئەستۆی سەرۆکی فەرمانگە.

٦- پێویستە رسوماتی تایبەت بە ڤیزە بدرێت لە رێگای بارکۆدی تایبەت لەم سیستەمە دەدرێت.

٧- پێویستە گشت فۆڕمەکان بە کۆمپیوتەر داخل بکرێت.

٨- لەکاتی ڕەتکردنەوەی ڤیزە دەکرێت دوای (٢٤) کاتژمێر داواکارییەکە دووبارە بکرێتەوە دوای چاککردنەوەی هۆکارەکانی رەتکردنەوە ئەگەر هۆکار پەیوەندیدار نەبێت بە قەدەغەی هاتن.

## کارتی هەواڵی گەیشتن

**ماددەی ( ١٠ ):-**

١-کارتی هەواڵی گەیشتن لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی نشینگە دەدرێت بە کەسی بیانی کە ڤیزەی مانەوەی پێ دراوە کە ماوەکەی لە یەك ساڵ کەمتر نییە.

٢-کارتی هەواڵی گەیشتن بۆماوەی (٢) مانگ دەدرێت بەمەبەستی پێدانی دەرفەت بە کەسی بیانی بۆ تەواو کردنی رێکارەکانی دەرکردنی کارتی نشینگە.

٣-نابێ کەسی بیانی لە ماوەی وەرگرتنی کارتی هەواڵی گەیشتن عێراق جێبهێڵێت بە پێچەوانەوە لە خاڵی سنووری کارتی هەواڵی گەیشتن لێ وەردەگیرێتەوە و ڤیزەی مانەوەی هەڵدەوەشێتەوە.

٤-ئەو بیانییانەی کە نشینگەیان بۆ (٦) کەمتر وەرگرتوە کارتی هەواڵی گەیشتنیان بۆ رێك ناخرێت و دەبێت لەماوەی (١٥) رۆژدا رێککارەکانی وەرگرتنی کارتی نشینگە دەست پێ بکات و لە ماوەی (١) مانگ تەواوی بکات بە پێچەوانەوە ڤیزەکەی هەڵدەوەشێندرێتەوە و دیپۆرت دەکرێتەوە.

٥-کارتی هەواڵی گەیشتن بۆ ئەو بیانییانە رێك ناخرێت کە ڤیزەی خاڵی سنووری وەردەگرن بەپێی ماددەی (چوارەم) برگەی (پێنجەم /١)ی ئەم بەیانە.

## گواستنەوەی دۆسیەی کەسی بیانی

**ماددەی ( ١١ ):-**

**یەکەم:** گواستنەوەی دۆسیەی تایبەت بە هاوولاتی بیانی لە بەڕێوەبەرایەتییەکی نشینگە بۆ یەکێکی تر بە رەزامەندی بەرێوبەری هەردوو نشینگەی کە دۆسیەکەی لێ وە بۆ دەگوازرێتەوە.

**دووەم:** گواستنەوەی دۆسیە تەنها بۆ ئەو بیانییانە دەکرێت کە نشینگەیان هەیە کە لە (٦) مانگ کەمتر نەبێت و گرێبەستی کاریان هەیە.

**سێیەم:** گواستنەوەی دۆسیە بەم مەرجانەی خوارەوە دەکرێت.

١- پێشکەش کردنی داواکارییەك بۆ ئەو بەرێوەبەرایەتییە نشینگەیەی کە دەیەوێت گواستنەوەی دۆسیەی بۆ بکات.

٢- دەبێت کارتی نشینگەی بەسەر نەچوو بێت.

٣- ڕەزامەندی نووسراوی خاوەن کاری پێشوو لەسەر گۆڕینی شوێنی کاری کرێکار ئەگەر گرێبەستی کاری ماوەکەی بەسەرنەچوو بێت.

٤- پێشکەش کردنی گرێبەستی کاری نوێ.

٥- پێویستە ڕسوماتی دیاری کراو لە ماددەی ( هەژدەیەم) بدرێت.

٦- بەرێوبەرایەتی نشینگەی کە دۆسیەکەی بۆ دەگوازرێتەوە لە کاتی جێبەجێکردنی گشت مەرجەکان نووسراوێك ئاڕاستەی ئەو بەرێوەبەرایەتییە دەکات کە دۆسیەکەی لێ تۆمار کراوە بەمەبەستی ناردنی دۆسیەکە و دەبێت وێنەیەکی دۆسیەکەی لە ئەرشیفی بەرێوەبەرایەتی دۆسیەکەی لێ گوازراوەتەوە بهێنێت.

**چوارەم:** گواستنەوەی دۆسیە بۆ خاوەن کار یان کۆمپانیا یان پرۆژەی وەبەرهێنان دەکرێت بەمەرجێك کۆمپانیاکەی یان پرۆژەکەی گواسترابێتەوە بۆ ئەو پارێزگایەی کە داوای گواستنەوەی دۆسیەی بۆ دەکات یان لقێکی لێ کرابێتەوە بە پشتگیری لایەنی حکومی پەیوەندیدار.

**پێنجەم:** ئەو بەرێوەبەرایەتییەی کە دۆسیەی لێ دەگوازرێتەوە دۆسیەی کەسی بیانی ڕەوانەی بەرێوبەرایەتی بۆ دەگوازرێتەوە ناکات ئەگەر گشت مەرجەکانی گواستنەوەی دۆسیەی جێبەجێ نەکرا بوو.

**شەشەم:** فەرمانێکی کارگێری بە گواستنەوەی دۆسیەی لەو بەرێوبەرایەتییەی کە دۆسیەکەی لێ دەگوازرێتەوە دەردەکرێت و وێنەیەکی فەرمانەکە دەدرێت بە هەردوو بەرێوبەرایەتی کاری هەردوو پارێزگا کە دۆسیەکەی لێ و بۆ دەگوازرێتەوە بە مەبەست ئاگاداری و ئەنجام دانی کاری پێویست.

**حەوتەم:** گواستنەوەی دۆسیە لەساڵێکدا تەنها یەك جار ئەنجام دەدرێت.

**هەشتەم:** ئەگەر بیانییەك دۆسیەی نشینگەی لە بەرێوەبەرایەتییەکی نشینگەی پارێزگایەك بوو و دواتر گەڕایەوە وڵاتی خۆی. دوای بەسەرچوونی نشینگەی پێشووی بە ڤیزایەکی نوێ هاتەوە کوردستان و داوای وەرگرتنی نشینگەی کرد، لە بەرێوەبەرایەتییەکی نشینگەی هەر پارێزگایەك، پێویست بە گواستنەوەی دۆسیە و وەرگرتنەوەی ناسنامەی بەسەرچووی نشینگەی پێشووتری ناکات، تەنیا پێداویستییەکانی وەرگرتنی نشینگەی تازە داوا دەکرێت.

**نۆیەم:** ئەم ماددەیە کارمەندی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە نیودەوڵەتییەکان و رێکخراوی کومەڵگای مەدەنی و کومپانیاکانی کەرتی نەوت ناگرێتەوە.

دانانی کەسی سروشتی یان معنوی لە لیستی ڕەش یان قەدەغە ودوورخستنەوە (دیپۆرت کردن).

**ماددەی ( ١٢ ):-**

**یەکەم:** کەسی سروشتی یان مەعنەوی دەخرێتە لیستی ڕەش ئەگەر سەرپێچی ڕێنماییەکانی ڤیزە یان نشینگە یان رێنماییەکانی تایبەت بە کرێکارانی بیانی بکات یان هەر یاسایەکی تایبەت بە ڤیزە یان نشینگە یان کارکردن یان ئەگەر مەترسی دروست بکات لەسەرتەندروستی یان ئاسایشی هەرێم.

**دووەم:** ئەگەر سەرپێچیکار کەسی سروشتی بیانی بێت ئەوا دوور دەخرێتەوە ودەخرێتە لیستی قەدەغە.

**سێیەم:** ئەگەر سەرپێچیکار کەسی مەعنەوی بێت ئەوا پاش خستنە ناو لیستی رەش گشت داواکارییەکانی تایبەت بە ڤیزە یان نشینگەی رادەگیرێت.

**چوارەم:**

١- خستنە ناو لیستی ڕەش یان قەدەغە یان دەرهێنانی یان دیپۆرت کردنەوە تەنها لە دەسەڵاتی وەزیرە و دەبێت لایەنی داواکار لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامە داواکاری خستنە ناو لیستی رەش یان دیپۆرت کردن بۆ وەزارەتی ناوخۆ / بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان /بەڕێوەبەرایەتی ڤیزە بەرز بکاتەوە و گشت بەڵگەنامەی تایبەت بە سەرپێچییەکانی لە گەل دۆسیەی کەسی بیانی هاوپێچ بکرێت.

٢- ئەگەر دیپۆرت کردنەکە بە بڕیاری دادگای تایبەتمەند بوو ئەوا دەقی بڕیاری کۆتایی دادگا رەوانەی وەزارەتی ناوخۆ دەکرێت بە مەبەستی دەرکردنی فەرمانی وەزاری.

٣- ئەگەر هۆکاری مەترسیداری کەسی بیانی تەندروستی یان ئەمنی بێت ئەوا ڕاستەوخۆ لەلایەن بەرێوبەراییەتییەکانی نشینگە دیپۆرت دەکرێنەوە بە بریاری بەرێوەبەر، دواتر نووسراو بۆ وەزارەت دەکرێت بەمەبەستی خستنە ناو لیستی قەدەغە.

**پێنجەم:** لێکوڵینەوە لە کەیسەکانی سەرپێچی کردنی یاساو رێنماییەکان لە لایەن لیژنە لاوەکییەکانی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بەمرۆڤـ لە پارێزگاکان دەکرێت.

**شەشەم:** خستنە ناو لیستی ڕەش یان قەدەغە لە ساڵێك کەمتر نابێت، و دوای ساڵەکە بە فەرمانی وەزاری و بەپێی داواکاری لادەبرێت ئەگەر هۆکاری خستنە ناو لیستی رەش یان قەدەغە چارەسەر کرابێت.

**حەوتەم:** ئەگەر کەسی سروشتی یان معنوی خرایە ناو لیستی رەش ، گشت مامەڵەکانی ڤیزە و نشینگەی ڕادەگیرێت تا هێنانە دەرەوەی لە لیستی رەش، و ئەو مامەڵانەی لە پرۆسەی جێبەجێ کردندان هەڵدەوەشێتەوە، و دەکرێت کەسی بیانی مامەڵەی ڤیزە و نشینگەی بەسپۆنسەری کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی تر ئەنجام بدات.

## دەستەبەری ( کفالە ) کەسی بیانی

**ماددەی ( ١٣ ):-**

**یەکەم:** هاووڵاتی بیانی دەستەبەر دەکرێت لە لایەن هاوڵاتییەکی عێراقی بە مەبەستی وەرگرتنی ڤیزە یان نشینگە بەم مەرجانەی خوارەوە :

١- دەبێت دەستەبەر عێراقی بێت و کارتی زانیاری ئەو پارێزگایەی هەبێت کە دەستەبەری کەسی بیانی لێ دەکات.

٢- نابێت دەستەبەر کارمەندی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بێت یان پێشمەرگە بێت یان کارمەندی ئاسایش بێت.

٣- نابێت دەستەبەری بەرامبەر بڕێك پارە بێت یان هەرشتێك یان ئیمتیازێکی تر.

٤- پڕکردنەوەی فۆڕمی دەستەبەری ژمارە (٣٥) وپەسەند کردنی.

**دووەم:** هاووڵاتی بیانی یان دەستەبەر دەتوانێت داوای گۆڕینی دەستەبەری بکات بەم مەرجانەی خوارەوە:

١- پێشکەش کردنی داواکارییەك بۆ بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی تایبەتمەند.
٢- دەبێت هاوولاتی بیانی کارتی نشینگەی هەبێت کە لە (٦) مانگ کەمتر نەبێت.
٣- ئامادەبوونی کەسی بیانی و دەستەبەری کۆن و نوێ لە بەڕێوەبەرایەتی نشینگە.
٤- جێبەجێکردنی گشت بڕگەکانی خاڵی (یەکەمی) ئەم ماددەیە.

**سێیەم:** لە کاتی گۆڕینی دەستەبەری کەسی بیانی گشت بەرپرسیارییەتی دەستەبەری دەکەوێتە ئەستۆی دەستەبەری نوێ.

**چوارەم:** لە کاتی داواکردنی گۆڕینی دەستەبەر ئەگەر هاوولاتی بیانی نەیتوانی دەستەبەرێکی نوێ ئامادە بکات ئەوا نشینگەی هەڵدەوەشێتەوە و دوور دەخرێتەوە.

**پێنجەم:** ئەو کۆمپانیایانەی کە فۆڕمی ژمارە (٢٨) یان پەسەند کراوە، یاخود هەڵاوێر (استثناء) کراون لەو فۆڕمە، بەڕێوبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیا، عێراقی بێت یا بیانی، پێویستە کۆمپانیا فۆڕمی ژمارە (٣٧) پڕبکاتەوە.

## مەرج و ڕێککارەکانی پێدانی نشینگە بە کەسی بیانی

**ماددەی (١٤):-**

**یەکەم:** نیشینگە بە کەسی بیانی دەدرێت بەم مەرجانەی خوارەوە :

١- پێشکەشکەش کردنی داواکارییەك لە لایەن نوێنەری لایەنی داواکار ئەوانەی لە ماددەی (حەوتەم /برگەی یەکەم) ئاماژەیان پێ دراوە.
٢- پێشکەش کردنی گرێبەستی کارکردن وەدەستەبەری کومەڵایەتی ئەگەر کەسی بیانی کرێکار بێت.
٣-پێشکەش کردنی گرێبەستی کارکردن لە ڕێکخراوی LOCAL NGO ئەگەر نشینگە بەمەبەستی کارکردن لە ڕێکخراو بێت.
٤- ئەنجام دانی پشکنینی خوێن بۆ نەخۆشییە گوازراوەکان و درمەکان ودەرچوون لەو پشکنینە.
٥- لاری نەبوونی لایەنی ئاسایش.
٦- پشتگیری نیشتەجێبوون ئەگەر سپۆنسەرەکە کەسی سروشتی بوو .
٧- ڤیزە لەلایەن چ لایەنێکی داواکار وەرگیرا بێت، پێویستە هەمان لایەن کاری نشینگەی بۆ ئەنجام بدات، جگە لە پارێزەر و کۆمپانیاکانی بەدواداچوونی کاروباری نشینگەی بیانیان ئەگەر خۆیان لایەنی داواکار بن دەتوانن ڕێککارەکانی نشینگە لەسەر ناوی لایەنێکی تر ئەنجام بدات بە مەرجێك خۆیان ڕێکارەکانی نشینگەی بۆ ئەنجام بدات.
٨- دەستەبەری کەسی (فۆڕمی ژمارە ٣٥)، دەستەبەری کۆمپانیا (فۆڕمی ژمارە ٣٧) یان دەستەبەری ڕێکخراوی LOCAL NGO فۆڕمی ژمارە (٣٨) پڕ دەکەنەوە و پەسەند بکرێت.
٩- پڕکردنەوەی فۆڕمی کەسی ژمارە (٣٦) یان بەڵێننامەی کۆمپانیا ژمارە (٣٩) ئەگەر ڤیزەی سەردان گۆڕدرا بۆ نشینگە.

١٠- گشت بەڵگەنامە پێویستەکانی بەیەکگەیاندنی خێزان ئەوانەی لە ماددەی (چوارەم برگەی چوارەم ) ئاماژەیان پێدراوە ئەگەر نشینگە بەمەبەستی بەیەگگەیاندنی خێزان بێت.

١١- گشت بەڵگەنامە پێویستەکانی کە لە ماددەی (چوارەم بڕگەی سێیەم ) ئاماژەیان پێ دراوە ئەگەر نشینگە بە مەبەستی خوێندن بێت.

١٢- گشت بەڵگەنامە پێویستەکانی کە لە ماددەی (چوارەم بڕگەی /حەوتەم ، هەشتەم) ئاماژەیان پێ دراوە ئەگەر نشینگە بە مەبەستی کاری ڕێکخراوەیی بێت.

١٣- دانی گشت رسومات و سزاکانی کە لەم بەیانە دیاری کراوە.

١٤- هاوپێچ کردنی ئەم بەڵگەنامانە :-

أ- کۆپی رەنگاو ڕەنگی پاسپۆرتی کەسی بیانی.

ب- کۆپی ڤیزەی ئەلیکترۆنی ئەگەر بە ڤیزەی خاڵی سنووری نەهاتبێت.

ج- (٦) وێنەی ڕەنگاوڕەنگی کەسی بیانی قەبارە (٣و٤) سم. کۆپی ڕەنگاوڕەنگی بەڵگەنامەکانی دەستەبەر (ڕەگەزنامە ، ناسنامەی باری شارستانی یان کارتی نیشتمانی ، ناسنامەی نوێنەر ، ناسنامەی پارێزەر، پەڕاوی کۆمپانیای سپۆنسەر )

**دووەم:**

١- سیستەمێکی مودێرن لە گشت بەرێوەبەرایەتییەکانی نشینگە دادەمەزرێت بۆ داواکردنی نیشینگە بۆ کەسی بیانی لەرێگای وێبسایتێکی ئەلیکترۆنی بە شێوازی (ON LINE) و دەبەسترێتەوە بە وەزارەتی ناوخۆ .

٢- پێویستە گشت ئەولایەنانەی کە لە مادەی (حەوتەم بڕگەی یەکەم /أ) ، ئاماژەیان پێ دراوە و کۆمپانیاکانی بواری نەوت تا ٢٠١٧/١٢/٣١ کۆدی تایبەت بە سیستەمی نشینگە ONLINE)) وە ربگرن لە وەزارەتی ناوخۆ بەپێی ئەو رێککارانەی کە لە وێبسایتەکە ڕادەگەیەنرێت .

٣- کۆمپانیاکانی دەستی کار ناتوانن نشینگە لە سەر ناوی کۆمپانیاکەیان بۆ کەسی بیانی وەرگرن و کۆدی نشینگەی ( ON LINE ) یان پێ نادرێت .

٤- کۆمپانیاکانی بەدواداچوونی کاروباری نشینگەی بیانیان ناتوانن نشینگە بۆ کەسی بیانی لەسەر سپۆنسەری کۆمپانیای خۆیان وەربگرن.

٥- سیستەمی کاری تایبەت بە پێدانی نشینگە لە گشت بەرێوەبەرایەتییەکانی نشینگە یەك دەخرێن و پێویستە بە یەك شێواز کار بکەن .

٦- پێویستە گشت ئەو لایەنانەی فۆرمی ژمارە (٢٨) و ژمارە (٣٤) دەیانگرێتەوە تا ٢٠١٧ /١٢/٣١ فۆرمەکانیان پڕ بکەنەوە و لەلایەن لێژنەی تایبەتمەند پەسەند بکرێت، وە تا ئەو رێکەوتە گشت مامەڵەکانیان جێبەجێ دەکرێت.

## هەڵوەشاندنەوەی ڤیزە و کارتی نشینگە

**ماددەی ( ١٥ ):-**

**یەکەم:** ڤیزەی سەردان یان مانەوە هەڵدەوەشێتەوە بەم مەرجانەی خوارەوە :

١- لەسەر داواکاری کەسی بیانی یان نوێنەری یاسایی یان لایەنی داواکار.

٢- دەبێت کەسی بیانی ڤیزەکەی بەکار نەهێنا بێت.

**دووەم:** نشینگەی هاووڵاتی بیانی هەڵدەوەشێتەوە لەم حاڵەتانەی خوارەوە :

١- پێشکەش کردنی داواکارییەك لە لایەن خودی هاووڵاتی بیانی.

٢- ئەنجامدانی سەرپێچییەك و دانانی ناوی لە لیستی ڕەش بە پێی ماددەی (دوانزەیەم)ی ئەم بەیانە.

٣- ئەگەر یەکێك لە مەرجەکانی پێدانی نشینگەی لە دەست بدات.

٤- ئەگەر مەترسی هەبێت لە سەر تەندروستی یان ئاسایشی هەرێم.

## کۆتایی هاتنی گرێبەستی کارکردن

**ماددەی ( ١٦ ):-**

**یەکەم:** ئەو کەسە بیانییەی گرێبەستی کارکردنی کۆتایی پێ دێت لەگەڵ خاوەن کار دەتوانێت داوای نوێ کردنەوەی کارتی نشینگە بکات بەمەرجێك گرێبەستێکی نوێی ئاسایی کارکردنی پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی نشینگە بکات لە هەرێم.

**دووەم:**

١- پڕکردنەوەی فۆڕمی ژمارە (٣٦)یان (٣٩)کە تێیدا دەبێت خاوەن کاری نوێ بەڵێن بدات لەماوەی شەش مانگ مولەتی کارکردن لەوەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی وەربگرێت بۆ کرێکارە بیانییەکە، و دەستەبەری کومەڵایەتی بکات.

٢- ئەگەر خاوەن کار برگەی (١) سەرەوەی جێ بەجێ نەکرد ئەوا نشینگەی کەسی بیانی دوای کۆتایی هاتنی دووبارە نوێ ناکرێتەوە وخاوەن کارو ئەو بڕە پارەیەی کە کە لە ماددەی (هەژدەیەم) دیاری کراوە وەك سزا دەبێت بیبژێرێت.

**سێیەم:** دەبێت خاوەن کاری پێشوو پێش کۆتایی هاتنی گرێبەستەکە بە یەك مانگ ئامادە بێت لە بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی تایبەتمەند بۆ تۆمارکردنی هەر مافێك ئەگەر لە ئەستۆی کرێکاری بیانی مابێت بەپێچەوانەوە ناتوانێت ڕێگر بێت لە نوێکردنەوەی نشینگەی کەسی بیانی.

**چوارەم:** لەکاتی تۆمارکردنی هەر سکاڵایەك لەلایەن خاوەن کاری پێشوو لە ماوەی برگەی (سێیەم)ی سەرەوە، بەرێوبەرایەتی نشینگە کێشەکە رەوانەی بەڕێوەبەرایەتی کار دەکات بەمەبەستی یەکلایی کردنەوەی کێشەکە لەلایەن دادگای کار و نشینگەی کرێکاری بیانی نوێ دەکرێتەوە تا کۆتایی هاتنی کێشەکە.

**پێنجەم:** نوێکردنەوەی نشینگە بۆ کەسی بیانی کە لە برگەی یەکەم ئاماژەی پێ دراوە پێویست بە نووسراوی ئەستۆ پاکی خاوەن کاری یەکەم ناکات.

**شەشەم:** ئەگەر نشینگەی کەسی بیانی کۆتایی پێهات و سپۆنسەری خرابێتە ناو لیستی رەش ، ئەوا دەتوانێت نشینگەی نوێ بکاتەوە بەسپۆنسەری کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی تر دوای جێبەجێ کردنی گشت رێنماییەکانی نشینگە.

## لێژنەکانی بەدواداچوون

**ماددەی ( ١٧ ):-**

**یەکەم:** لیژنەیەك یان زیاتر لە گشت بەڕێوەبەرایەتییەکانی نشینگە پێك دێت بە مەبەستی بەدواداچوونی نشینگەی کەسانی بیانی لە سنووری بەڕێوەبەرایەتییەکەیان.

**دووەم:** دەبێت ئەم لیژنەیە بە تەواوی تەرخان بکرێت بۆ ئەو کارەی کە لە بڕگەی یەکەم دیاری کراوە.

**سێیەم:** لەکاتی بەدیکردنی هەر سەرپێچییەکی تایبەت بە رێنماییەکانی ڤیزە یان نشینگە دەبێت بە کۆنوسێکی تایبەت ئەم سەرپێچییە دەست نیشان بکات.

**چوارەم:** لیژنەی بەدواداچوون راپۆرتی رۆژانە بەرزدەکاتەوە بۆ بەڕێوەبەری نشینگە لە سنوری کارەکەی و تێدا سەرپێچی و پێشنیارەکان دەست نیشان دەکات.

**پێنجەم:** ئەم لێژنانە دەبەسترێنەوە بە بەشی بەدواداچوون لە بەرێوبەرایە تییەکانی نشینگە.

**شەشەم:** پێویستە لە سەر بەڕێوەبەرایەتی نشینگە ڕاپۆرتی مانگانە سەبارەت بە بەدواداچوونی لێژنە بەرز بکاتەوە بۆ وەزارەت لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێم.

**حەوتەم:** پێویستە لیژنەکانی بەداداچوون هەماهەنگی تەواو بکەن لەگەڵ لیژنە لاوەکییەکانی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بەمرۆڤ لە پارێزگاکان.

## رسومات و سزاکان

**ماددەی ( ١٨ ):-**

ئەم بڕە پارانەی خوارەوە لە لایەن بەرێوبەرایەتییەکانی نشینگە وەردەگیرێن و دەخرێتە سەرحسابی بەرێوبەرایەتییەکانیان :-

**یەکەم:** ڕسومات :-

١- (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار وەك رسوماتی گۆرینی ڤیزەی سەردان بۆ نشینگە، بۆ ئەو کەسە بیانییانەی کە بۆ هاتنە ناوەوەی هەرێم، پێویستییان بە وەرگرتنی ڤیزای ئەلیکترۆنی هەیە.

٢-(٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار وەك رسوماتی گۆڕینی ڤیزەی سەردان بۆ نشینگە بۆ ئەو کەسە بیانییانەی کە لەماددەی (چوارەم بڕگەی پێنجەم/١)، کە دەتوانن ڤیزەی خاڵی سنووری وەربگرن، و هەڵگرانی رەگەزنامەی سوری هەمان رسوماتیان لی وەردەگیرێت.

٣-(١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار وەك رسوماتی درێژکردنەوەی ڤیزەی سەردان یان گەشتیاری یان خاڵی سنووری یان خوێندن یان بەیەکگەیاندنی خێزان تەنها بۆ یەك جاربۆ ماوەی (٣٠) رۆژ.

٤-(٢٥٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار وەك رسوماتی کارگێری بەرامبەر هەر داواکارییەکی پێدانی نشینگە یان نویێ کردنەوە.

٥-( ٣٥٠٠٠) سی و پێنج هەزار دینار وەك رسوماتی ڤیزەی دەرچوون.

٦-(٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دینار وەك رسوماتی گواستنەوەی دۆسیە.

٧-(١٠٠٠٠) دەهەزار دینار وەك رسوماتی کارگێری بەرامبەر هەرداواکارییەکی نوسراو پێشکەش بە بەرێوبەرایەتی نشینگە بکرێت.

٨-(٣٥٠٠٠) سی و پێنج هەزار دینار وەك رسوماتی دەرکردنی کارتی هەواڵی گەیشتن.

٩-(٨٠٠٠٠) هەشتا هەزار دینار وەك رسوماتی دەرکردنی کارتی نشینگە و نویێ کردنەوەی بە هەموو جۆرەکانیەوە بۆ ماوەی شەش مانگ.

١٠-(١٥٠٠٠٠) سەدە پەنجا هەزار دینار وەك رسوماتی دەرکردنی کارتی نشینگە و نویێ کردنەوەی بە هەموو جۆرەکانیەوە بۆ ماوەی یەك ساڵ.

١١-( ٣٠٠,٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار وەك رسوماتی دەرکردنی کارتی نشینگە و نویێ کردنەوەی بە هەموو جۆرەکانیەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ.

١٢-(٤٥٠,٠٠٠) چوار سەدوو پەنجا هەزار دینار وەك رسوماتی پێدانی کارتی نشینگەو نویێ کردنەوەی بەهەموو جۆرەکانیەوە بۆ ماوەی سێ ساڵ.

١٣-(٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دینار وەك رسوماتی دەرکردنی کارتی نشینگە لە بری وونبوو یان تێکچوون ( بدل ضائع او تالف).

١٤-(١٥٠٠٠) پازدە هەزار دینار وەك رسوماتی دەرکردنی کارتی هەواڵی گەیشتن لە بری وونبوو یان تێك چوون ( بدل ضائع او تالف).

١٥-( ٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دینار وەك رسوماتی پێدانی پاسپۆرتی تێپەربوون ( جواز مرور).

١٦-(٢٠٠٠٠) بیست هەزار دینار وەك رسوماتی پێدانی ڤیزەی چوون یان چوون وهاتن.

١٧-( ٣٠٠,٠٠٠ ) سێ سەد هەزار دینار ساڵانە وەك رسوماتی ئیداری رێگەپێدانی نوێنەر.

**دووەم: سزاکان**

١-( ٢٠٠٠٠) بیست هەزار دینار وەك سزای دواکەوتنی سەردان یان دواکەوتنی نویێ نەکردنەوەی کارتی نشینگە بۆ هەر رۆژێکی دواکەوتن بە پشووە فەرمیەکانیشەوە.

٢-(٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار وەك سزای جێبەجێ نەکردنی بەڵێننامەی فۆرمی ژمارە (٣٦)یان (٣٩).

٣-( ١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار بۆ هەر سەرپێچییەکی تر .

**سێیەم:** هیچ کەسێکی بیانی لە رسومات و سزا داراییەکانی ڤیزە و نشینگە نابەخشرێت.

**چوارەم:** بەدەر لە خاڵی یەکەم و دووەمی ئەم ماددەیە کارمەندانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانەی ماددەی (چوارەم / بڕگەی حەوتەم ، خاڵی ٩) و فەرمانبەرانی کونسوڵگەرییەکان لە گشت رسوماتەکان دەبەخشرێن جگە لە سزا داراییەکان.

**مۆری هاتنەژوورەوە**

**ماددەی ( ١٩ ):-**

١- مۆرێکی تایبەت بە هاتنە ژوورەوەی کەسانی بیانی کە بە ڤیزەی سەردان دێنە هەرێمی کوردستان ماوەی سەردانەکە لەو مۆرە بە (٣٠) ڕۆژ دیاری دەکرێت لە پاسپۆرتی کەسی بیانی دەدرێت.

٢- مۆرێکی تایبەت بە هاتنە ژوورەوەی کەسانی بیانی کە بە ڤیزەی گەشتیاری دێنە هەرێمی کوردستان ماوەی سەردانەکە لەو مۆرە بە (٣٠) ڕۆژ دیاری دەکرێت لە پاسپۆرتی کەسی بیانی دەدرێت.

٣- مۆرێکی تایبەت بە هاتنە ژوورەوەی کەسانی بیانی کە بە ڤیزەی مانەوە دێنە هەرێمی کوردستان ماوەی (١٥) ڕۆژیان پێ دەدرێت بۆ سەردانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی نشینگە لە پاسپۆرتی کەسی بیانی دەدرێت.

**ماددەی ( ٢٠ ):-**

**یەکەم:** هیچ ڕێنمایی و بەیان و فەرمان و نوسراوێکی تایبەت بە ڤیزە و نشینگە کاری پێ ناکرێت پاش کارپێکردن بەم بەیانە، جگە لە نووسراوەی ژمارە ( ١٢١/د ) کە لە ڕێکەوتی (١٧ /١ /٢٠١٧) دەرچووە، بە بەردەوامی کاری پێ دەکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لەسایتی ڤیزەی ئەلیکترۆنی بڵاودەکرێتەوە.

**سێیەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری پێ دەکرێت.

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**